گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٦٢

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٦٢ – ڕێبەندان – فێوریەی ٢٠٢٥

## سەروتار

# پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دابین بکەین

ئەمڕۆ لە ئێران تەنانەت شرۆڤەکارانی حکوومەتیش ناتوانن حاشا لە بوونی بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن. ئەم ڕەوتە بەشێک لە بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئاڵای داخوازی کرێکارانیان هەڵکردووە و لە ڕێکخستن و ڕێبەریی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریدا دەورونەخش دەنوێنن، داهێنەری پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکانن و ئیدەی ڕێکخستنی شۆرایی دەبەنە ناو کرێکارانەوە، پێگەیەکی تایبەتیان لەم ڕیزبەندییەدا هەیە. ئەو بەشە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لەخۆدەگرێت کە لە بەرامبەر فێمێنیسمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فێمێنیسمی نیۆلیبراڵدا ئاڵای ڕزگاری ژنانیان بە ئاسۆی دژەسەرمایەدارییەوە بەرز کردووەتەوە. ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بە بەشداری خۆیان لە پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، پەرستاران و لەناو ڕیزی خەباتی کرێکاران و بە خۆڕاگری بەرین لەبەرامبەر سیاسەت و یاسای دژە ژن، ئاسۆی ڕزگاری ژن لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەدارییان بەهێز کردووە. ئەم ڕەوتە چەپە کۆمەڵایەتییە، هەروەها ئاراستەی سۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری لەخۆدەگرێت کە بەرامبەربە ئاراستەی نیۆلیبڕالی بورژوایی ئێران و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ئاڵای داخوازی دیموکراتیکی ئێستای کۆمەڵگا و یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی هەڵکردووە. ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان لەخۆدەگرێت کە بەرەنگاری کلتوور و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاع دەکەن. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە لە کوردستان ئاڵای هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری ئێرانیان بەرز کردووەتەوە. ئەم هێزە چەپ و ڕادیکاڵە لە ئاخێزی جەماوەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا هاتە مەیدان و مۆری خۆی بەسەر ئەم بزووتنەوە




## مانگرتنی گشتی لە کوردستان دژبە حوکمەکانی ئیعدام

## لاپەڕەیەکی دیکە لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان

## کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئیعدام" پەنجا و چوارەمین حەوتووی تێپەڕاند

## پێویستە هەڵمەتی "نا بۆ ئیعدام" پەرەپێبدەین

## سەرکەوتنی خەباتی خانەنشینان

## لە گرەوی یەکگرتوویی و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەریدایە

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## سەبارەت بە ئاگربەست لە غەززە،

## ئاگربەست" لەسەر بەستێنی درێژەی جینۆساید"

## دەوڵەتی تورکیە، گەلاڵەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ درێژەی داگیرکاری

## لابردنی دۆلار لە موعامەلاتی تجاری هیوای خامنەیی بۆ دەوردانەوەی گەمارۆکان

## حەقدەستی کرێکاران چۆن دیاری دەکرێت؟

## دیاریکردنی ئاستی حەقدەست بەرهەمی هاوسەنگیی هێزی چینایەتییە

## هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر لێواری ڕۆژئاوا؛

## ئاگربەست" لەسەر بەستێنی درێژەی تاوانەکانی شەڕ"

## پێکهاتنی حکوومەتی سووریە لەسەرەوەی ئیرادەی جەماوەر،

## لە بەرچاو نەگرتنی دەنگ وئیرادەی کۆمەڵگایە

سیاسییانەدا کوتا. ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژی سەرمایەدارییە. بەپێی سرووشت و ناوەرۆکی داخوازییەکانی هێزێکی دژەسەرمایەدارییە. مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری لەژێر کاریگەری هەر ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییەدا لەئارادایە. ناوەرۆکی خواست و داخوازی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، درووشمی "نان، کار، ئازادی" پەیوەندی داوە

لەلایەکی دیکەشەوە شایەدی چالاکی حیزب، ڕێکخراو و هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێرانین. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی چالاکی ئەم هێزانە لەناو ئەم بزووتنەوەیە،



دەتوانین لە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و شەفافبوونی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا ببینین، ئەگەرچی پەیوەندی سیاسی و مەعنەوەی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییە موتەحەزبە لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی کۆمەڵایەتی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانیان هێشتا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نییە. بە واتایەکی تر هێشتا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی موتەحەزیب و ڕێکخراو پێک نەگەیشتوون

کەموکوڕییەکی جیدی ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و ئەو ناڕەزایەتی و ئاخێزانەی کە بە هەوڵ و دەخاڵەتی ئەم هێزە لەئارادایە، ئەو واقعیەتەیە کە ئەم حەرەکەتانە هێشتا لە بزووتنەوەیەکی واحیدی سیاسی بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕینی وشیارانەی نیزامی سەرمایەداری تێکهەڵنەکێشراون. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرانسەری نییە. هەربۆیە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هێشتا ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز لە مەیداندا نابینن کە بۆ ڕزگاری خۆیان پێی هیوادار بن. جەماوەری خەڵک هێشتا وێنەیەکی ڕوونیان لەوە نییە کە بەدیلی ئەم بارووددۆخە قەیراناوی و شڵەژاوە دەتوانێ چی بێت. ئەوە ڕاستە کە لە کێشمەکێشی ئاڵتێرناتیڤەکاندا، بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بەهۆکاری بێگانەبوونیان لەگەڵ خواستی ئابووری و ئازادیخوازانەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، بەهۆی نامۆبوونیان لەگەڵ داخوازی نان، کار، ئازادی و دژایەتییان لەگەڵ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، نفووزێکی بەرچاویان لەناو جەماوەری ناڕازیدا نییە. بەڵام لە نەبوونی بەشداری بەهێزی چینی کرێکار لە مەیدانی سیاسی بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی، لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی بەهێز، بەردەوام ئەو مەترسییە لەئارادایە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ببێتە خۆراکی شەپۆلی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی و مەزنخوازانەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوازی لایەنگری ڕۆژاوا و هێزیان بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی چینایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی دیکتاتۆرییەکی غەیرەدینی

سەبارەت بە پرۆسەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی پێویستە تەئکید بکرێت کە لە بارووددۆخی ئێستای ئێراندا درێژە و پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و تێکەڵ بوونی خواستی ئابووری و خواستی سیاسی و لەدرێژەدا بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی سیاسی کە ماشێنی سەرکوتی ڕژیم زەمینگیر بکات، گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە مانگرتنی سەرانسەری کرێکاران کە ستوونی سەرەکی مانگرتنی گشتی سیاسییە، ناتوانێ ئاکامی حەرەکەتێکی خۆڕسک بێت

بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دابینکردنی ڕێبەری خۆی لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی، پێویستە بە پشت بەستن بە هەڵسووڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی چینایەتی خۆی پێداویستییەکانی فەراهەم بکات. بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران کە ساڵانە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەڕێوەدەبەن دەتوانێ بەستێنێکی زۆر گونجاو بێت بۆ فەراهەم کردنی ئەم پێداویستییانە. چینی کرێکار لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە بەتایبەت لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەسڵێک لە ڕێبەرانی پەروەردە کردووە و هێناوەتە مەیدان. بە پێکهێنانی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی چرۆی شۆراکانی جەماوەری و کرێکاری بەهێز کردووە و گەشەی پێداون. لەو جێگەوە کە دیواری چین لە نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و شۆرا کرێکارییەکاندا نییە، بە گەشەپێدانی زیاتری ئەم بوارە هاوسەنگی هێز زیاتر بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆرا کرێکارییەکان دەگۆڕدرێت. لە قۆناغی گوزاری ئێستادا و هەتا پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان و لەپێناوی شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری پێویستە ئەو بەشە لە چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاردا هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر ناوەندیک وەک شۆرای هاوئاهەنگی چالاکانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پێکبێنن و لەم ڕێگەوە تا ئاستێک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکانی کرێکاران بۆ ڕێبەری بزووتنەوەی کرێکاری پڕ بکەنەوە

ئەزموونی ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای



ڕۆڵی بەرچاو لە گەشەپێدانی هۆشیاری و پێگەیشتنی سیاسی، سەرەڕای دەورنەخشی لە تێکشکاندنی ستراتێژی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و بەهێزکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیم، نیشانی دا کە ئەمجۆرە ئاخێزە خۆڕسکە جەماوەرییانە بە بێ حزووری بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی، ناتوانن قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە بخولقێنن. لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕێکخراو و موتەحەزیبی ئێران خولقاندووە تا بە گرینگی دان بەم بزووتنەوە واقعییە و بە هەوڵ و یارمەتی بۆ لابردنی کۆسپ و بەربەستەکان، بتوانن بەسەر ئەم جیاییەدا زاڵ بن و پێش مەرجەکانی پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرتاسەری بە ستراتێژی سۆسیالیستییەوە فەراهەم بکەن. وڵامدانەوەی هاوبەشی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و سۆسیالیستە موتەحەزبەکان بە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری ئێستا، کلیلی پێکگەیشتنی ئەم دوو بەشە چەپە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییەیە

***

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

# سەرکەوتنی خەباتی خانەنشینان
# لە گرەوی یەکگرتوویی و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەریدایە

درێژەی قەیرانی ئابووری حکوومەتی ئیسلامی، مایەپوچی و بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ژیان و گوزەرانی خانەنشینانیشی سەخت و دژوار کردووە. ئاستی یەکجار کەمی حەقدەست، نەدانی مەزایا و حەقی بیمە و خزمەتگوزاری دەرمانی، خانەنشینان و بنەماڵەکانیانی بەرەوڕووی هەژاری و برسیەتی کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دزی دەوڵەت لە سندووقەکانی بیمەی خانەنشینی و نەدانەوەی قەرزەکانی بەم سندووقانە کە لەئێستادا گەیشتووەتە زیاتر لە ٧٠٠ ملیارد تمەن، بارودۆخی ژیانیانی فەلاکەتبارتر کردووە.

درێژەی چەندین ساڵەی ئەم وەزعییەتە، خانەنشینانی لە سەردەمی بەساڵاچوویدا ناچار کردووە لە گەرمای تاقەتپڕووکێنی هاوین و لە سەرمای سەختی زستاندا بێنە سەر شەقام و بە کۆبوونەوە و ڕێپێوان و دروشم مافە ڕەواکانیان هاوار بکەن. ئەم ئینسانە زەحمەتکێشانە لەماوەی دوورودرێژی کار و زەحمەتیاندا هەموو مانگێک بەشێک لە حەقدەست و مووچەی خۆیان وەکماڵیات داوەتە دەوڵەت و سندووقەکانی بیمە، بەهیوای ئەوەیکە لە سەردەمی خانەنشینیدا لە حقووق و خزمەتگوزاری دەرمانی پێویست بەهرەمەند بن. بەڵام حکوومەتی گەندەڵ و ئیفلاسی کۆماری ئیسلامی کە تەنانەت لە سندووقەکانی خانەنشینانیش دزی دەکات، ئیمکاناتی ماڵی لە شوێنێ دیکە بەهەدەر دەدات و ژیان و گوزەرانی خانەنشینانی چەند بەرابەر خستووەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. بۆ نموونە چەند هەفتە لەمەوبەر ئاشکرا بوو کە لە فڕۆکەخانەی بەیرووت چەمەدانە دۆلارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبوڵڵای لۆبنان دۆزراوەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە پزیشکیان، سەرۆک کۆماری گوێلەمستی خامنەیی، بەردەوام دان بەوە دادەنێت کە دەوڵەت پارەی نییە بیدا بە کارمەندان و خانەنشینان

لە بارودۆخێکدا کە لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری و دابەزینی بەردەوامی بەهای ڕیاڵ، هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکی سێ کەسی گەیشتووەتە سەرووی ٤٠ ملیۆن تمەن، ڕۆژی دووشەممە ١٥ی مانگی ڕێبەندان بەڕێوەبەری گشتی سازمانی تەئمینی ئیجتماعی لانیکەمی مووچەی خانەنشینانی وێڕای حیساب کردنی ڕێژەیەک کە پێیان زیاد کردووە، ١٠ ملیۆن و ٩٠ هەزار تمەن ڕاگەیاند. ئەوەش یانی ژیان لە بارودۆخی چوار بەرابەر ژێر هێڵی هەژاریدا. ئەم کارگێڕەی حکوومەتی ئیسلامی سەبارەت بە مووچە و خزمەتگوزاری دواخراوی خانەنشینانیش وتی: "هەوڵ دەدرێت لە مانگی جۆزەردانەدا پەرداخت بکرێت". هەڵبەت خانەنشینان هیچ متمانەیەکیان بە وادە و بەڵێنی درۆینەی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی نییە. دیاریکردنی ئەم بڕە یەکجار کەمە وەک حقووقی خانەنشینان لە بارودۆخێکدایە کە نرخی هەموو پێداویستییەکانی ژیان ڕۆژانە دەڕواتە سەرێ. نە هیچ سەقامگیرییەک لە بازاڕدایە و نە ئاسۆیەک بۆ باشترکردنی وەزعییەتی ژیانی خانەنشینان دەبیندرێت.

هەر بەم هۆکارە، زیاتر لە دوو ساڵە خانەنشینان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان لە ڕۆژانی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەدا دێنە سەر شەقام و بەوتنەوەی "تەنیا لەسەر شەقامەکان وەدی دێ مافمان" لەسەر درێژەی خەباتیان پێداگری دەکەن. بەڵام ئەم ڕژیمە دژەئینسانە هەتا ئێستا هیچ بایەخێکی بە داواکارییەکانیان نەداوە. لە بەرامبەردا خانەشینانیش



ئیعترازاتیان بەرینتر و ڕێکخراوتر و دروشمەکانیان لەدژی ڕژیم تەعەڕوزیتر و ڕادیکاڵتر کردووەتەوە. ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی مانگی ڕێبەندان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی خانەنشینکراوی تەئمینی ئیجتماعی و سەنعەتی فوولاد لە شارەکانی ئەهواز، شووش، ڕەشت، ئیسفەهان، تاران، کرمان، قایمشار، ئەهواز و شوێنەکانی تر کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپاکرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی شۆرای خانەنشینانی ئێران، ڕۆژی دووشەممە ١٥ی ڕێبەندان خانەنشینانی موخابرات لە درێژەی دووشەممەکانی ناڕەزایەتیدا هاوکات لە شارە گەورەکانی وەک تاران، شیراز، ئەهواز، تەورێز، کرماشان، سنە، زەنجان، ساری، ئیلام، هەمەدان، مەریوان، بیجار، خورەم ئاباد، شاری کورد، هاتنە سەر شەقامەکان و بە گرتنە دەستی پلاکارد و بە وتنەنەی دروشم لەدژی حکوومەتی ئیسلامی ئیعترازیان کرد. بۆ نموونە لە تاران خانەنشینان ئەم دروشمانەیان وتەوە: "ستادی ئیجرایی حەقی ئێمەی خواردووە"، "سەهامدارانی گەورە حەقی ئێمەیان خواردووە"، (کە مەبەستیان "ستادی ئیجرایی فەرمانی ئیمام" و "بۆنبادی تەعاونی سپای پاسداران"ە کە لە شیرکەتی موخابراتدا سەهمی سەرەکییان هەیە). یان هاواریان دەکرد: "حقووقی بازنشستە، تەنیا بۆ یەک هەفتە"، "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین"، "حەقی ئێمە کوا؟ ١٣ ساڵ تێپەڕی"، "شیرکەت بووەتە چەند بەش، هەر بەشەو دزی خۆی دەکات"، "ئەمە دوایین پەیامە "

کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و هاوکاتی خانەنشینان لە چەندین شار هەنگاوێکی پەرەوپێشە. سەرکەوتنی ئیعترازات بۆ وەدیهێنانی داخوازی خانەنشینان و داسەپاندنی فشاری کاریگەر بۆسەر کۆماری ئیسلامی، لە گرەوی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەری لەئاستی سەرتاسەریدایە. بۆ ئەوەی بەشێوەی ئامانجدار خەبات هیدایەت و ڕێبەری بکرێت. گەشە و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان، پێداویستییەکانی پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەریش فەراهەم دەکات. داهێنانی کۆبوونەوەی هاوبەشی خانەنشینانی پارێزگای کرماشان لەسەر بانگەوازی ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی لەسەرکار و خانەنشینی کرماشان، خانەنشینانی موتالبەگەری تەئمینی ئیجتماعیی کرماشان، ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی ئیسلام ئابادی غەرب، ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی هەرسین، خانەنشینانی موتالبەگەری موخابرات و علوومی پزیشکی کرماشان لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٦ی مانگی ڕێبەندان لە بەرامبەر ئۆستانداریی کرماشان دەتوانێ هەنگاوێک بێت لەم ڕاستایەدا. لەم بانگەوازەدا تەئکید کراوە کە

"ئێمە خانەنشینان لە بەرامبەر هێرشی غەیری قابیلی تەحەمولی تەوەرۆم و گرانیدا، لە بەرامبەر ڕانت و ئیختلاسی نجوومیدا، لە بەرامبەر هەژاری و سیاسەتی هەژارکردن و داسەپاندنی مەرگی تەدریجی بەسەر ژیانماندا، تەنیا یەک ڕێگامان لەپێشە. ئەویش ئەوەیە کە بێدەنگ نەبین و هەروا بەهێز و ماندوویی نەناسانە بە هەنگاوی قورس و قایم شەقامەکان لەپێناوی وەدیهێنانی مافی پێشێلکراومان بگرینەوە. تا بتوانین لەڕێگەی یەکگرتوویی بەرین و هەمەلایەنەوە، دەسەڵات لە بەرامبەر داواکاری یاسایی و ڕەوای خۆماندا ناچار بە تەسلیمبوون بکەین"

بەڵام تێپەڕینی ١٤ ساڵ لە ناڕەزایەتی بەردەوامی خانەنشینان، ئەم حەقیقەتەی سەلماندووە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سزای ئابووری لەسەر بێت یان نەبێت، پارەی هەبێت یان نەیبێت، ناگۆڕدرێت و سەلاحییەت و شایستەیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای نییە. چینی کرێکاری ئێران و خانەنشینان وەک بەشێک لەم چینە و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە فەلاکەتبارە ڕێگایەکیان بێجگەلە ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە ئیسلامی و سەرمایەدارییە نییە. کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران لەوپەڕی لاوازی و داماویی خۆیدایە. بەڵام ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی لە گرەوی ڕێکخستن و ڕێبەری سەرتاسەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدایە. پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە فەراهەم بکەین.

❋❋❋

# وتووێژی ناوەندە حکوومەتییەکان لەسەر دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤، بەیاسایی کردنی هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران



لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامیدا کێشەی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری و هاتنەخواری توانای کڕینی کرێکاران بووەتە یەکێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری. چوونەسەری بەرینی ڕێژەی تەوەرۆم، دابەزینی بەهای پارەی ئێران و چوونەسەری بەردەوامی خەرجییەکانی ژیان بووەتە هۆی ئەوەیکە حەقدەستی کرێکاران چیدی وڵامدەرەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان نەبێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کێشەیە، ناتەبایی زیادکردنی حەقدەست لەگەڵ ڕێژەی تەوەرۆمی ڕاستەقینەیە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ڕێژەی تەورۆمی ساڵانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٥٪ بووە بەڵام ژێرەی زیادکردنی ساڵانەی حەقدەست بەشێوەی مامناوەند لە دەوروبەری ٢٠ بۆ ٣٠ لەسەددا بووە. ئەم بۆشاییەی نێوان ڕێژەی هەڵاوسان و حەقدەست، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی توانای کڕینی کرێکاران و هەموو ساڵێ مەودای نێوان حەقدەستی دیاریکراوی لەگەڵ هێڵی هەژاری زیاتر کردووە. لەژێر ئەم هەلومەرجە و چوونەسەری بەردەوامی بەهای دۆلاردا، نرخی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی بنەماڵە کرێکارییەکان، وەک خۆراک، خانووبەرە، خزمەتگوزاری تەندروستی و تێچووی خوێندنی منداڵان، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و حەقدەستی دیاریکراو تەنانەت خەرجی دە ڕۆژی مانگێکی بنەماڵە کرێکارییەکان دابین ناکات

لەم بارودۆخە فەلاکەتبارە ئابوورییەدا کە بەسەر زۆرینەی چینی کرێکاری ئێراندا سەپێنراوە، دەوڵەتی پزیشکیان لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤دا ڕێژەی زیادکردنی حەقدەستی بۆ کرێکارێکی سەڵت ٢٠٪ و بۆ کرێکارێکی خێزاندار بەشێوەی مامناوەند ٢٨٪ لەبەرچاوگرتووە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە، شۆرای باڵای کاری ڕژیم لە ناوەڕاستی مانگی بەفرانبارەوە لەگەڵ نوێنەرانی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت و گشتی و نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی سەر بە حکوومەتی ئیسلامی بۆ دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤ دەستی کردووە بە چەنەلێدان و موزایەدە

دیاریکردنی ٢٨٪ی حەقدەست بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤ لە کاتکێدایە کە لەم دواییەدا حەمیدڕەزا ئیمام قۆلی تەبار، بەرپرسی "ناوەندی باڵای نوێنەرانی کرێکاران" کە هاوشێوەی شۆرا ئیسلامییەکان و خانەی کاریگەر یەکێک لە ناوەندە دژەکرێکارییەکانی سەربە ڕژیمە، لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی تەسنیم دانی بەوەدانا کە خەرجی سەبەدی بژێوی بنەماڵەیەکی کرێکاری نزیکەی ٤٠ ملیۆن تمەن لە مانگدایە. هەروەها وتیشی: "ئەم ڕێژەیە بۆ بنەماڵەیەکی ٣ کەسییە کە بە ئاستێکی لانیکەمەوە بژین. بۆ ژیانێکی ئیدئال خەرجی سەبەدی بژێو زیاتر لە ٥٠ ملیۆن تمەنە. ئەگەر مامناوەندی حەقدەستی کۆمەڵگەی کرێکاری لە حاڵەتی خۆشبینانەدا نزیک بە ١٥ ملیۆن تمەن لە نەزەر بگرین، تەقریبەن نزیکەی ٣٠٪ی خەرجییەکانی بنەماڵە بە حەقدەستی ١٥ ملیۆن تمەن دابین دەکرێت. ئەوەش لەکاتێکدایە کە لە هێندێک لە پارێزگاکان نزیک بە ٩٪ی کرێکاران لەژێر یاسای کاردا حەقدەستیان پێدەدرێت، واتە حەقدەستێکی نزیک بە ٧ بۆ ٨ ملیۆن تمەن وەردەگرن"

دەوڵەتی مەسعوودی پزیشکیان لە درێژەی سیاسەتی سەرمایەدارانە و هەرزان کردنی هێزی کاردا بە دیاریکردنی بردنەسەری ٢٨٪ی حەقدەستەکان لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤ بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە دەیهەوێ هەزینەی قورسی قەیرانی سەرمایەداری ئێران و ئیفلاسی ئابووری، هەزینەی بەرینی بەرنامەی ئەتۆمی و شکستی سیاسەتی ناوچەیی ڕژیم بە داسەپاندنی هەژاری و نەهامەتی زیاتر بەسەر ملیۆنان بنەماڵەی کرێکاری دابین بکات. دەوڵەتی پزیشکیان لە کاتێکدا هێرش بۆسەر ئاستی بژێوی کرێکاران درێژە دەدات کە بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی دەوڵەت لەمساڵدا ٢٠٠٪ بوودجەی زیاتر بۆ "بەهێزکردنی بواری دیفاعی" دەخرێتە ئیختیار ستادی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە. هەر لەم مانگانەی دواییدا سەدان ملیارد تمەنیان بە گەڵاڵەی کۆنەپەرستانە و دژەژنی پێکهێنانی کلینیکەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێحیجابی تەرخان کردووە. بەڵام ئەم کارگێڕانەی سەرمایە سەرەڕای ئەو هەمووە گەندەڵی و دزییە گەورەیەی کە لە کارنامەیان دایە، کاتێک باسی بردنەسەری ئاستی حەقدەست دێتە گۆڕێ، چوونەسەری تەوەرۆم و "دەخڵ و خەرجی" دەوڵەت دەکەنە بیانوو

لەئێستادا بەلەبەرچاوگرتنی ڕاگەیاندنی ٢٨٪ی حەقدەستەکان لە گەڵاڵەی بوودجەی ١٤٠٤ و درێژەی گفتوگۆی ناوەندە حکوومەتییەکان لە شۆرای باڵای کار لەسەر دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست، هێندێک لە ناوەندە سەربەخۆ کرێکارییەکان، خەرجی مانگانەی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکارییان بۆ ساڵی ١٤٠٤، ٤٠ بۆ ٥٠ ملیۆن تمەن حیساب کردووە. هەروەها پێشبینی ئەوەشیان کردووە کە بەسەرەنجدان بە ڕەوتی چوونەسەری ڕێژەی تەوەرۆم ئەم ڕەقەمە دەگاتە ٥٥ بۆ ٦٠ ملیۆن تمەن لە مانگدا. بەڵام ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداران تەنانەت حازر نییە هەزینەی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار کە شتێک نییە بێجگەلە هەزینەی پێداویستی ڕۆژانەی کرێکار و بنەماڵەکەی، واتە هەزینەی خواردن و پۆشین و تەندرووستی بدات. بەلەبەرچاوگرتنی کینە و سەرسەختی سەرمایەداران بۆ لەخوارێ ڕاگرتنی لانیکەمی حەقدەستەکان، دیاریکرنی لانیکەمی حەقدەستی گونجاو لەگەڵ تێچووی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی، و دیاریکردنی هێڵی سوور بۆ سەرمایەداران تا نەتوانن حەقدەستەکان لەئاستێک کەمتر بکەنەوە، بووەتە یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی کرێکارانی ئێران. بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران وەک بەشێک لە بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهان، بەو ئامانجەوە کە کەم داهاترین بەشی چینی کرێکاریش بتوانێت بەسەرەنجدان بە ئاستی تەوەرۆمی واقعی، لە دەیەی سێهەمی سەدەی بیست و یەکدا پێداویستییە ئەساسییەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، لەسەر بردنەسەری ئاستی حەقدەست تەئکید دەکات

لە بارودۆخێکدا کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران یەکێک لە چالاکترین بزووتنەوەکانە، لە قۆناغێکدایە کە زۆرترین مانگرتن و ناڕەزایەتی بەڕێوە دەبات، خواستی بردنەسەری حەقدەست بەپێی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێرانە و ئەم خواستەش خاوەنی هۆگرایەتی کۆمەڵایەتییە، لەم ڕووەوە بەستێنی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و سەرتاسەری بۆ زیادکردنی حەقدەستەکان بوونی هەیە. لەم بارودۆخەدا ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری کە لەگەڵ ناوەندەکانی خەباتی کرێکاران لە پەیوەندی نزیک دان، پێویستە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و بە جێخستنی پەیوەندی و هاوکارییەکانیان، بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری کرێکاران لە دەوری بردنەسەری ئاستی حەقدەست زەمینەسازی بکەن. لەگەڵ وەحەرەکەت کەوتنی یەکگرتووانەی کرێکاران لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییە گەورەکان، کرێکارانی کارگە سەنعەتییە چکۆلەکانیش لەئاستێکی بەریندا پێیان پەیوەست دەبن. ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەرین و یەکپارچە لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییە گەورە و سەرەکییەکان تەنیا ڕێگای مسۆگەرکردنی درێژە و پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری و تەنیا ڕێگای تێکشکاندنی هێرشی بێسنووری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆسەر ژیان و سفرەی بەتاڵی کرێکارانە

***

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
## سەبارەت بە ئاگربەست لە غەززە،
## ئاگربەست" لەسەر بەستێنی درێژەی جینۆساید"

هەواڵی ئاگربەست لە غەززە بێگومان بۆ دانیشووان و منداڵانی برسی ئەم کەرتە کە پازدە مانگە بەردەوام لەژێر کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیلدان، بۆ ئەو فەلەستینییانەی کە زیاتر لە حەفتا ساڵە قوربانی داگیرکاری و تاوانی شەڕی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلن، بۆ ئەو ئیسرائیلییانەی کە هەست بە شەرمەزاری دەکەن بەهۆی ئەوەیکە تاوانەکانی غەززە بەناوی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت، وە بۆ ئەو مرۆڤە بەویژدان و هۆشیارانەی سەرتاسەری جیهان کە بەخاتری نەهامەتی و ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین ناخیان هەژاوە، هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو. پێویستە لەم ئاگربەستە کە ئاکامی بنبەستی دەوڵەتی فاشیستی نەتانیاهۆ و ڕێکخراوی کۆنەپەرستی حەماس بوو پێشوازی بکرێت. بەڵام ئاگربەست، ئەو کارەساتە مێژوویی و دڵتەزێنانەی لە ئاکامی شەڕ و وێرانکاری بەسەر نەتەوەی ستەمدیدەی فەلەستیندا هاتووە، قەرەبوو ناکاتەوە.

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە لە قۆناغی یەکەمی ئاگربەستدا کە شەش هەفتە دەخایەنێت، ٣٣ دیلی ئیسرائیلی لە بەرابەر چوونەدەری بەرەبەرەی هێزەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە ناوچە قەرەباڵغەکانی غەززە و لە بەرابەردا ژمارەیەک لە زیندانییانی فەلەستینی کە دیلی ئیسرائیلن ئازاد دەکرێن. ئاوارەکانی فەلەستین دەست دەکەن بە گەڕانەوە بەرەو ماڵەکانی خۆیان و بارهەڵگرەکانی یارمەتیدان ڕێگەیان پێدەدرێت بێنە ناو غەززەوە. بۆ قۆناغی دووهەم، لە ١٦هەمین ڕۆژی ئاگربەستدا، گفتوگۆ بۆ ئازادکردنی باقی دیلەکان، پاشەکشەی تەواوی هێزەکانی ئیسرائیل و "ئارامی پایدار" دەستپێدەکات و قۆناغی سێهەم و کۆتایی بریتییە لە نۆژنکردنەوەی غەززە و هەروەها گەڕاندنەوەی باقی ئەو دیلانەی کە کوژراون

هەروەک لە بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنەدا دەبیندرێت، ئاگربەست لە غەززە، کۆتایی بە جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لەم کەرتە ناهێنێت. لەم ڕێککەوتنەدا کۆتایی گەمارۆی هەمەلایەنەی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل کە زیاتر لە ١٧ ساڵە درێژەی هەیە، باسی لێنەکراوە. گەمارۆی غەززە خۆی کردەوەیەکی جەنگی و خۆی بەشێک لە کارەساتی کۆمەڵکوژییە. ئاگربەست و نۆژنکردنەوەی غەززە بە بێ کۆتایی گەمارۆی دژەئینسانی و چەندین ساڵەی ئەم کەرتە داهاتوویەکی نییە. چونکە دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەپاندنی ئەم گەمارۆیە، غەززە لەڕێگەی زەوی و ئاسمان و دەریاوە کۆنترۆڵ دەکات. ئاگربەست بە بێ کۆتایی هێنان بە گەمارۆی غەززە بەمانای بێدەنگ کردنی دەنگی تۆپ و مووشەک و درێژەی بەکارهێنانی چەکی قاتی و برسیەتی بۆ نابوودکردنی ئەم میللەتەیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر غەززە هەروا لە گەمارۆدا بمێنێتەوە، نۆژەنکردنەوەی لەوانەیە ٣٥٠ ساڵ بخایەنێت.

ئەوەش یانی مەرگی شێنەیی چەند نەسل لە ئینسانەکان. ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئاگربەست، مۆری داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیلی پێوەدیارە. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، لە هەموو ماوەی ئەم ئاگربەستەدا دوو کۆریدۆری ستراتێژیکی "فیلادلفیا" لەسەر سنووری میسر و غەززە، تەنیا پردێک کە غەززە بە جیهانی دەرەوە وەسڵ دەکات و کۆریدۆری "نێتزاریم" کە لە ناوەندی ئەم کەرتەوە تێدەپەڕێت و باکوور و باشووری غەززە بە دوو بەش دەکات لەژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیلدا دەبێت.



لەکاتێکدا کە لەماوەی پازدە مانگی ڕابردوو ئەرتەشی ئیسرائیل دەیان هەزار بۆمبی دەستکردی ئەمریکای بەسەر خەڵکی غەززەدا باراندووە و زیاتر لە ٤٦ هەزار کەسی کوشتووە و ١٠٠ هەزار کەسی بریندار کردووە. لە کاتێکدا کە ماڵ، نەخۆشخانە، خوێندگا، ئەنبارەکانی دانەوێڵە، چاڵەکانی ئاو و هەموو ژێرخانەکانی ئەم کەرتەی وێران کردووە و غەززە ئیتر بۆ ژیان نابێت، لە ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەدا تەنیا ئاماژە بە نۆژنکردنەوە کراوە و پێدانی غەرامەت بە خەڵکی فەلەستین هیچ باسێکی لێنەکراوە. بە وتەی "یونروا"، تەنیا کۆکردنەوەی ئاوارەکانی غەززە پازدە ساڵ دەخایەنێت. بەپێی موعامەلەیەک کە ئەنجام دراوە، هەموو بەدیلگیراوانی ئیسرائیل ئازاد دەکرێن، بەڵام تەنیا سێ هەزار زیندانی فەلەستینی لەناو زیاتر لە دە هەزار کەس کە زۆربەیان لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕفێندراون و لە ئەشکەنجەخانەکانی ئیسرائیلدا ڕاگیراوان، ئازاد دەکرێن.

لە بارودۆخێکدا کە خەڵکی فەلەستین خوازیاری کۆتایی هێنان بە داگیرکاری، بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان و بەرقەرارکردنی ئاشتین، ئەم ئاگربەستە دەبوو لە خزمەت ئەم خواستانە و کۆتایی هێنان بە کوشتار و نەسلکوژیدا بێت. بەڵام ئەم سات و سەودایە تەنیا ڕاوەستانێکی کاتییە بۆ خاوکردنەوەی ماشێنی کوشتاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە. ئەگەر ئەم ئاگربەستە ئامانجی کۆتایی هێنان بە جینۆساید، وەدیهێنانی مافی نەتەوەی فەلەستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و بەرقەرارکردنی ئاشتی بوایی دەبوو دەستبەجێ نەتانیاهۆ و کابینە جەنگییەکەی و بایدنی بە تاوانی شەڕ و کوشتار دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کردبایە. دەبوو حوکمی دیوانی باڵای نێونەتەوەیی بۆ دەستبەسەرکردنی نەتانیاهۆ بەتاوانی جینۆساید جێبەجێ کرابایە. ئەم ئاگربەستە ئاکامی بنبەست و لە هەمان کاتدا نەرمکێشیی نەتانیاهۆیە لە بەرامبەر فشارەکانی ترامپدا. تا بە دەستی ئاواڵەتر نەسلکوژی بەشێوازی دیکە درێژە بدات و ترامپیش بتوانێ پرۆژەی دەرکردنی ملیۆنان کۆچبەری "نایاسایی" و شەڕی تەعرەفەکان لەژێر نقابی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەبەریت.

چەند کاتژمێر بەر لە ڕاگەیاندنی هەواڵی ئاگربەستەکە، دۆناڵد ترامپ سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا لە پۆستێکدا ڕایگەیاند "ئێمە موعامەلەیەکمان بۆ بەدیلگیراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. بەم زووانە بڵاودەکرێتەوە". ترامپ ویستی نیشانی بدات کە لەژێر ڕێبەریی ئەودا بنیامین نەتانیاهۆ بە هەمان خێراییەک کە شەڕی ڕاگەیاندبوو، ئاگربەستی قەبووڵ کردووە. بایدنیش ویستی ئەم ئاگربەستە بە ئاکامی هەوڵەکانی خۆی نیشان بدات. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە ئەمریکا هەمیشە و لە ڕۆژی یەکەمەوە، دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو کە شەڕ و خوێنڕێژی لە غەززە ڕابگرێت. بەڵام نەک هەر ئەم کارەی نەکرد بەڵکوو بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە نەسلکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە. دەوڵەتی ئیسرائیل بە بێ یارمەتی دارایی و چەکی دەوڵەتی ئەمریکا نەیدەتوانی ئەم حەمامی خوێنە لە جەهەنەمی غەززەدا بخاتە ڕێ. دەوڵەتی بایدن هەر لە سەرەتاوە لەئاست تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوا ڕەزامەندی نیشاندا و دوای ئەوەیکە نەتانیاهۆ بە هێرش بۆسەر لۆبنان قۆناغی دووهەمی شەڕی بۆ گۆڕینی نەزمی ناوچەکە ڕاگەیاند، ئەمجارە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە ئیمپریالیستییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە جێبەجێکاری بەشێک لەم ستراتێژە جەنگییە

پازدە مانگ شەڕ و کۆمەڵکوژی لە غەززە لە هەمان کاتدا کە ئەوپەڕی دووڕوویی نەزمی نێونەتەوەیی دیموکراسیی لیبڕاڵ و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ئاشکرا کرد، بنبەست و شکستی ڕێکخراوی حەماس و باقی ڕەوتە ئیسلامییەکانی وەک مۆدێلێک لە دەسەڵات و ستراتێژی سیاسی و بنەمای تاکتیکی ئەوانی لە بەرامبەر داگیرکاری و سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی دەوڵەتی ئیسرائیلدا نیشاندا. حەماس و باقی گرووپە ئیسلامییەکان بە ستراتێژ و تاکتیک و توندڕەوییەکانیان، لەوانە بە هێرشی تیرۆریستی حەوتی ئۆکتۆبر و جەنایاتێک کە ئەنجامیاندا، بەکردەوە خزمەتیان بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی ڕەوتە ڕاست و فاشیستەکان لە ئیسرائیل و نەسلکوژیی ئەوان لە غەززە کرد. حەماس و بزووتنەوەی فەتح بەشێک لە چارەسەری مەسەلەی فەلەستین نین، بەڵکوو خۆیان بەشێکن لە کێشەکە. شکڵ گرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە



فەلەستین لە گرەوی ئەوەدایە کە لەڕێگەی خەبات لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و لەپێناو ڕەزگاری ڕاستەقینە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستین لەژێر نفووزی ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانە دەرکێشرێن.

لەئێستادا ئەگەرچی نەتەوەی فەلەستین لە نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل، غەززە، لێواری ڕۆژئاوا، کەمپی ئاوارەکان لە ئۆردۆن و شوێنەکانی دیکەدا چەند لەت بووە، بەڵام هیوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هیوای ڕزگاری ڕاستەقینە لەژێر وێرانەکانی غەززە و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نەنێژراوە و هێشتا زیندووە. تەنیا درێژەی بزووتنەوەی جیهانی لەدژی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل و بۆ دیفاع لە ئازادی فەلەستین دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕێت، ئەم ئاگربەستە لاوازە سەقامگیر بکات و ئاسۆیەکی هیوابەخش بەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بکاتەوە

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ئێران پێویستە بەشێک بن لەم بزووتنەوە جیهانییە بۆ دژایەتی لەگەڵ داگیرکاری حکوومەتی ئیسرائیل و بۆ بەرگری لە ئازادی فەلەستین. چینی کرێکاری ئێران تەنیا بە پێدانی قووڵایی ستراتێژیک بە ئەرکە ئەنترناسیۆنالیستییەکانی، واتە بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی وەک پایەگای سەرەکی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە، دەتوانێ شنەی شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ڕێ و هێزێکی تازە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە فەلەستین ببەخشێت.

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٩ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

١٨ی ژانویەی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# دەوڵەتی تورکیە، گەڵاڵەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ درێژەی داگیرکاری

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی مانگی ڕێبەندان چەند هەیئەتێک لەلایەن حکوومەتی تورکیەوە چوونە سووریە و عێراق و لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی ئینتقالی سووریە و دەوڵەتی عێراق گفتوگۆیان کرد. ئیبراهیم کالن، سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنیی تورکیە، بە سەرۆکایەتی هەیئەتێک گەیشتە دیمەشق و لەگەڵ ئەحمەد شەرع سەرۆکی حکوومەتی ئینتقالی، ئەسعەد شیبانی وەزیری دەرەوە و ئەنەس خەتاب سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنی سووریە دیدار و وتووێژی کرد. هەڵبەت لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەدەوە هەتا ئێستا، ئیبڕاهیم کالن و باقی کاربەدەستانی ئەمنی تورکیە چەندین جار بۆ دیمەشق سەفەریان کردووە. هەتا ئێستا نە ئاژانسی هەواڵی سووریە و نە ئاژانسی هەواڵی تورکیە هیچ لێدوانێکیان لەسەر ئامانجەکانی ئەم سەفەرە و ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوانە نەداوە. بەڵام بێگومان ئامانجی ئەو سەفەرە و ناوەڕۆکی وتووێژەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی میتی تورکیە دەبێ بابەتی نیزامی و ئەمنی بێت. بەتایبەت سیاسەتە فاشیستییەکانی دەوڵەتی تورکیە لە درێژەدانی هێرشە نیزامییەکانی بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە یەکێک بووە لە بابەتە سەرەکی و گرینگەکانی ئەو گفتوگۆیانە. هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی کالن بۆ دیمەشق، هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیەش سەرۆکایەتی شاندێکی کرد بۆ بەغدا و لەگەڵ لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆمار، محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیران و فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق وتووێژی کرد. بەپێی ڕاپۆرتی دیوانی سەرۆک کۆماری عێراق لەم دیدارەدا باس و گفتوگۆ لەسەر پەیوەندی دوو لایەنە و بەهێزکردنی کراوە. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، لەتیف ڕەشید هەرجۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری عێراق ڕەت کردووەتەوە و تەئکیدی کردووە کە پێویستە ئاسایش و سەروەری و سەربەخۆیی عێراق لەلایەن دراوسێکانەوە ڕێزی لێبگیرێت. هەروەها جەختی لەسەر پابەندبوونی هەردوو وڵات کردەوە بەوەی کە نابێت هیچ وڵاتێک هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاسایشی ئەوی تر بکات و لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسەر ئاستی ناوچەکە هاوکاری بکەن

بەڵام هاکان فیدان لەم دیدارەدا داوای ئەوەی کردووە کە هاوپەیمانییەک لە نێوان دەوڵەتانی تورکیە، عێراق، سووریە و ئۆردۆندا پێکبێت. ناوبراو ئامانجی ئەم هاوپەیمانییەی "کردەوەی هاوبەش لەدژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان" ڕاگەیاندووە. بێگومان مەبەستی حکوومەتی ئیسلامی ئەردۆغان لە پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک داعش نییە. چونکە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا تورکیە ناوەندێک بووە بۆ پشتیوانی لە گرووپە ئیسلامییەکانی وەک ئەلقاعدە، داعش، بەرەی نوسرە و پێکهێنانی گرووپە بەکرێگیراوەکانی نزیک لە خۆی لە سووریە. ئامانجی حکوومەتی تورکیە لە پێکهێنانی وەها هاوپەیمانییەک کە حازر بووە لەپێناویدا ئیمتیازی ئابووریی زۆر بەم دەوڵەتانە بدات، هاوکاریی نیزامی و ئەمنی لە نێوان ئەم دەوڵەتانە دژبە "پەکەکە" و دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاوایە. دەوڵەتی تورکیە دژی هەرجۆرە مافێکی دەسەڵاتداریەتی خەڵکی کوردستانە لە سووریە و لە وڵاتانی دەوروبەری. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەردۆغان گەلێک جار دانی بەوە داناوە و دژبە خەڵکی کوردستان لە تورکیە، سووریە و عێراق هێرشی نیزامی و پیلانگێریی جەنایەتکارانەی ئەنجامداوە

سەفەری ئەم دواییە و هاوکاتی ئیبڕاهیم کالن و هاکان فیدان بۆ سووریە و عێراق لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە دەوڵەتی تورکیە لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا نەیتوانیوە بە



ئامانجەکانی بگات. هێرشی هێزە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی تورکیە لەژێرناوی "ئەرتەشی میللیی سووریە" بە پشتیوانی ئاسمانی و تۆپخانەیی ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە کە تەلەفات و خەسارەتی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان لێکەوتووەتەوە، بەئامانجی داگیرکردنی زیاتری ناوچەکانی کوردستانی سووریە و لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر و دیموکراتیکی ڕۆژئاوا بەڕێوەچووە. هەڵبەت هێرشەکانی ئەم دواییە کە بە ئامانجی داگیرکردنی "بەنداوی تشرین" و پردی "قەرەقۆزاق" و ناوچەکانی دەوروبەر و شاری خۆڕاگری کۆبانی ئەنجام دراون، هەتا ئێستا نەتەنیا سەرکەوتوو نەبوون بەڵکوو زەربەی قورسیش لە هێزە بەکرێگیراوەکانی "ئەرتەشی میللی" دراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی هێزەکانی سووریەی دیموکرات "هەسەدە" لەماوەی هێرشی نیزامی تورکیەوە هەتا ئێستا سەدان کەس لە بەکرێگیراوانی بەناو "ئەرتەشی میللی سووریە" کوژراون و دەیان درۆن، تانک، ئۆتۆمبێل و زۆر کەرەستەی نیزامی دیکە تێکشکێندراون

دەوڵەتی تورکیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە فاشیستییە و بۆ داگیرکردنی کۆبانی و باقی ناوچەکانی کوردستانی سووریە بەرەوڕووی خۆڕاگری و خەباتی جەماوەری بووەتەوە. لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژنان و پیاوانی تێکۆشەری ئەم ناوچەیە سەرەڕای بۆردومانەکانی تورکیە، بە کۆبوونەوەی خۆیان لە دەوروبەری بەنداوی تشرین ئامادەیی خۆیان بۆ چەکداربوون و شەڕ لەگەڵ بەکرێگیراوانی حکوومەتی تورکیە نیشانداوە.

ئەوان لە کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەسی خۆیاندا بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئازادکردنی کۆبانی، هۆشداریان دا هەروەک چۆن داعشیان تەمبێ کرد، داگیرکەرانی تورکیەش تەمبێ دەکەن

هێرشی نیزامی ئەم دواییەی تورکیە بۆسەر ڕۆژئاوا و سەفەری کاربەدەستانی ئەمنی دەوڵەتی تورکیە بە ئامانجی پەرەپێدانی شەڕ و داگیرکاری، لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە دەمێکە باسی فریوکارانەی پڕۆسەی ئاشتی لە پارلەمانی تورکیەدا لەلایەن دەوڵەت باخچەلی هاوپەیمانی ئەردۆغان لە ئارادایە. سەبارەت بە ئامانج و هەڵوێستی شۆڤنیستی تورکیە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی مانگی ڕێبەندان محەممەد ئوچوم ڕاوێژکاری باڵای ئەردۆغان لە لێدوانێکدا لەژێرناوی ”دەوڵەت و کورد“ نووسیی: “لە تورکیەی سەردەمی ئەردۆغاندا کێشەیەک لەژێرناوی کورددا نەماوە و بەرەبەرە بووەتە پرس. کوردەکان لە تورکیە نابێ جیا لە ئازادی زمانی کوردی خواستێکی دیکەیان هەبێت. بو کوردەکانیش هەبوونی تابعییەتی تورکیە شانازییە”. ئوچوم لە درێژەدا ئیدیعای کرد کە: “مەسەلەی کوردەکان پڕۆژەیەکی ئیمپریالیستییە کە بە ئامانجی دابەشکردنی تورکیە بەپێی نەتەوە و زمان، گەڵاڵە دەکرێت”. ناوبراو داهێنانی باخچەلی و ئەردۆغانی بە هەنگاوێک بەرەو وەدیهێنانی ئامانجی ”تورکیەی بێ تیرۆر“ پێناسە کرد.

نووسراوەکەی ئوچوم لە هەمان کاتدا کە تێڕوانینی شۆڤنیستی دەوڵەتی ئەرۆغان لە تورکیە نیشان دەدات، سرووشتی فریوکارانە و درۆزنانەی ئاشتییەکەشیان ئاشکرا دەکات. ئەوەیکە تورکیە سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان دەیهەوێ بیکات نەک پێکهێنانی ئاشتی بەڵکوو سڕینەوەی مەسەلەکەیە لەڕێگەی چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی ”پەکەکە“ لەلایەن ئۆجەلان و ڕێبەری ”پەکەکە“وە. گەڵاڵەی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ عێراق، سووریە و ئۆردۆن لەلایەن دەوڵەتی تورکیەشەوە هەنگاوێکە لەپێناوی داگیرکاری زیاتر لەڕێگەی هێرشی نیزامی و درێژەی سیاسەتی فاشیستی دژبە خەڵکی کوردستان لە تورکیە و سووریەیە. دەوڵەتی تورکیە دەیهەوێ لە دەرفەتی ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد و بەدەسەڵات گەیشتنی گرووپی ئیسلامی تەحریری شام و بە چرای سەوزی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، سیاسەتە فاشیستییەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت

***

بو بینینی ڕاستەوخۆی
تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی
-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و
کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە
بکەن:
alternative-shorai.tv

# لابردنی دۆلار لە موعاملاتی تجاری هیوای خامنەیی بۆ دەوردانەوەی گەمارۆکان

بەدوای وتەکانی خامنەیی لە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان، بەهای دۆلاری ئەمریکا کۆتایی ڕۆژی هەینی ٥ی ڕێبەندان لە درێژەی ڕەوتی دابەزینی بەردەوامی بەهای تمەندا، سنووری ٨٤ هەزار تمەنی تێپەڕاند. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە دوو ڕۆژ پێشتری لە دەوروبەری ٨٣ هەزار تمەندا موعامەلە دەکرا. بەهۆکاری ئەوەیکە بارودۆخی ئابووری کۆماری ئیسلامی جگە لە قەیرانی درێژماوەی پێکهاتەیی، زۆر فاکتۆری دیکە لەوانە سیاسەتی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی کاریگەریی لەسەر دادەنێت، یەکجار ناسەقامگیرە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. هەر هەڵوێستێکی خامنەیی، ترامپ، نەتانیاهۆ یان هەر کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی




سەبارەت بە سیاسەتی ڕژیم، بەهای تمەن لە بەرامبەر دۆلاردا دەستبەجێ دێنێتە خوارێ. هەر بۆیە لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا دوای گەڕانەوەی ترامپ بۆ کۆشکی سپی و وتەکانی خامنەیی، بازاڕی ئێران بەرەوڕووی ناسەقامگیری زیاتر بووەتەوە. ئابووریی ئیفلاسهێناوی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لەژێر کاریگەریی مێکانیزمەکانی ئابووریی سەرمایەداری، بەڵکوو لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران زیاتر دەشێوێت.

عەلی خامنەیی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان، نیگەران لە هەوڵەکانی ترامپ بۆ داسەپاندنی “زۆرترین سزای ئابووری” و نیگەران لە هەڕەشەی دەوڵەتانی ئورووپایی بۆ بەکارهێنانی مێکانیزمی ماشە، ئەمجارە لە پێگەی کارناسی ئابووریدا دەرکەوت و بۆ نەجاتدانی ئابووری داڕماوی کۆماری ئیسلامی نوسخەی پێچا. ئەو لە دیدار لەگەڵ ژمارەیەک بەرهەمهێنەر و چالاکی بواری ئابووری بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی ”زۆرترین سزای ئابووری“، لەسەر لابردنی دۆلار لە موعاملاتی تجاری لە ئێران تەئکیدی کرد و وتی: “سەرۆک کۆماری بەڕێزیش وتوویەتی کە بەشوێن ئەو کارەوەن. ئەم ڕووداوە گەورە و گرینگە لە هەڵمەتی ئابووریدا، حەرەکەتێکی زۆر گرینگ و چارەنووسساز دەبێت. بانکی مەرکەزیش دەبێ مەیدان بە دراوەکانی دیکە بدات”. خامنەیی ئەم قسە بێبنەمایانەی دوای تێپەڕینی دوو ڕۆژ لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترامپ کرد

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە دۆلار لە ئابووریی جیهاندا بەتایبەت بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت و گاز، هەم ڕۆڵی ژمێریاریی هەیە و هەم ڕۆڵێکی بەرچاوی لە موعاملاتدا هەیە، وە (پێترۆ دۆلار) بووەتە دراوی سەرەکی لە موعاملەکانی جیهانیدا، لابردنی دۆلار ئەویش بۆ وڵاتێکی تاکە بەرهەمی وەک ئێران زۆر مەحاڵە. لەم بوارەدا تەنانەت چین دووهەمین ئابووریی گەورەی جیهان و ڕووسیە کە سێ ساڵە بە شەڕی ئۆکراین لە بەرامبەر ناتۆدا ڕاوەستاوە، نەیانتوانیوە بەتەواوی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە زۆربەی موعاملاتی بازرگانی جیهان بە دۆلار ئەنجام دەدرێت، پێگەی ئەم دراوە لە ئابووری سەرمایەداریدا، سەرەڕای لاوازبوونی هەژمۆنی سیاسی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان، تەنیا تایبەت بە بواری نەوت و گاز نییە. دراوە موعتەبەرەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری بەیەکەوە پەیوەندییان هەیە و هەرجۆرە گۆڕانکاری لە بەهای دراوێک لەسەر دراوەکانی تر کاریگەری دادەنێت. لەم ڕووەوە کێشە و گرفتی ئابووری داڕماوی کۆماری ئیسلامی تەنیا دۆلار نییە و ڕژیم لەگەڵ باقی دراوەکانی تریش بەرەوڕووی کێشە و بەربەست دەبێتەوە. بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئەساسەن هاوردەکارە نەک هەناردەکار، هێنانی هەرجۆرە کاڵایەک لە دەرەوەی ئێران بە هەر دراوێکەوە بێت بۆ بەکارهێنەر گران تەواو دەبێت. چونکە ئەوە ڕیاڵە کە بەردەوام بەهای خۆی لەدەست دەدات

خامنەیی بارودۆخی ئابووری وەرشکستەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئابووری وڵاتانی سەرەکی ”بریکس“ لەوانە برێزیل، ڕووسیە، هێند، چین، ئەفریقای باشوور بەراورد دەکات، کە ٣٥%ی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی جیهانیان بەخۆیان تەرخان کردووە و گەمارۆ و سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا کاریگەریی ئیفلیجکەر لەسەر ئابووریی ئەوان دانانێت. پێدەچێت خامنەیی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی قووڵی ئابووری ڕژیمەکەی، چاوی هیوای لە بریکس بڕیبێ. ئەو لە درێژەدا وتی: “سیستەمی دارایی بریکس و موعاملات بە دراوی وڵاتانی ئەندام کە قەرارە بەڕێوەبچێت، بۆ ئێمە لە چارەسەرکردنی کێشەی دۆلاردا یارمەتییەکی گەورە دەبێت”. هەڵبەت ئەگەر لە داهاتوودا وەها سیستمێکیش ڕێکبخرێت شتێکی هاوشێوەی یۆرۆ لە ئورووپا دەبێت کە لە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ دۆلاردایە و هیچ کۆمەکێک بە خامنەیی و دەسەڵاتە گەندەڵەکەی ناکات

هەڵبەت خامنەیی باش دەزانێت کە دراوی جێگرەوەی دۆلار ناتوانێ لە بەرینایی قەیرانی دارایی کۆماری ئیسلامی کەم بکاتەوە. هەر بەم هۆکارە لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا بەدوای شکستی سەرشۆڕانەی ”ستراتێژی شەڕی پێشگیرانە“ و لێکبڵاوبوونی هێزەکانی ”میحوەری موقاومەت“، لە هەوڵی ئەوەدا بووە لەگەڵ ئەمریکا ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکات. لەمبارەوە ماڵپەڕی هەواڵنێریی ”ئاکسیوس“ ڕۆژی پێنجشەممە چواری مانگی ڕێبەندان ئاشکرای کرد کە نوێنەرانی کۆماری



ئیسلامی لە دیدار لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی ئورووپایی، ئامادەیی ڕژیمیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ڕاگەیاندووە و پێداگرییان کردووە کە ئەمریکا لەم پێشنیارەی کۆماری ئیسلامی دەبێ ئاگادار بکرێتەوە. بەپێی ئەم هەواڵەی ئاکسیوس، وڵامی ئورووپا ئەوە بووە: "کۆماری ئیسلامی دەبێ پێشنیارێک بێنێتە سەر مێز کە ئیمتیازی زیاتری لە هەموو بوارەکاندا تێدا بێت". ئەوەش لە کاتێکدایە کە خامنەیی لە تەبلیغاتی بێشەرمانەیدا باس لە شکست نەخواردن و بەهێز بوون و گفتوگۆ نەکردن لەگەڵ ئەمریکا دەکات.

بێگومان بەرزتر بوونەوەی بەهای دۆلار لە ئێران لەسەر نرخی هەموو کاڵا پێویستەکانی ڕۆژانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێت و ژیان و گوزەرانیان دژوارتر دەکات. سەران و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەکەونە ژێر فشاری مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا، لەئێستادا لەئاست مانەوەی دەسەڵاتەکەیان زۆر زیاتر هەست بە مەترسی دەکەن. مەکارمی شیرازی لە مەراجعی تەقلید و ئاخوندی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە یادداشتێکدا وێڕای ئاماژە بە بنەماکانی حوکمڕانی ئیسلامی هۆشداری دا کە "ئەگەر ناڕەزایەتییەکان درێژەیان بێت، ڕاپەڕین و شۆڕش دژبە حکوومەتی ئیسلامی سەرهەڵدەدات". مەولەوی عەبدولحەمیدیش لە خوتبەکانی نوێژی جومعەدا بۆ نەجاتدانی ڕژیم، پێشنیار بە حکوومەت دەکات کە لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکات

ئەم نیگەرانی و پێشنیارانە بۆ کۆماری ئیسلامی دەوای دوای مەرگی سۆهرابە. ئەم ڕژیمە گەندەڵە کە ناتوانێ هیچ کام لە خواست و داخوازییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش وڵام بداتەوە و تەنیا بە زەبری کوشتار و توندوتیژی خۆی ڕاگرتووە، دەبێ بەدەستی ئەوان و لەڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە بڕووخێت.

***

## نامەی سەرئاوەڵای مامۆستایانی کوردستان بۆ بەرپرسان و ڕای گشتی
## ئێمە جیا لە زنجیرەکانی ستەم هیچ شتێکمان بۆ لەدەستدان نییە

هاووڵاتییانی بەڕێز، خوێندکاران و دایک و باوکانی خۆشەویست، کاربەدەستانی پارێزگا و وڵات!

ئێمە وەکوو ژمارەیەک لە مامۆستایانی چالاک لە بواری مافە پیشەییەکاندا کە ساڵەهایە شایەدی هەڵسووکەوتی لاواز و چەواشەی پەروەردە و فێرکاریی کوردستانین، قەت لە بەرانبەر ڕەوتی قێزەونی بەڕێوەبەرایەتی ئێستادا بێدەنگیمان نەگرتووەتەبەر و خۆمان لە تێچووەکانی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە نەدزیوەتەوە. چونکە لەسەر ئەو باوەڕەین کە یەکەم وانەی ئێمە بۆ خوێندکاران و خەڵکی کۆمەڵگاکەمان دەبێ وانەی دادخوازی، ڕەخنە و پرسیارکردن بێت

بێگومان لەم ساڵانەی دواییدا ئاگاتان لە هاوار و کردارە مەیدانییەکانی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی ناو پەروەردە و فێرکاری و جێگیرکردنی دادپەروەری لە فێرکاریدا بووە. بەڵام نەبیستنی ساڵەها هاواری ڕەوای داواکارییەکانی ئێمەی مامۆستا لە لایەن کاربەدەستانی بێتوانا و ناشایستەی پەروەردە و فێرکارییەوە ئەم دۆخە کارەساتبارەی ئێستەی لێ کەوتووەتەوە کە دەستەبەرکردنی لانیکەمەکانی پەروەردە و ڕاهێنانی گونجاوی بۆ خوێندکارانی ئەم وڵاتە دژوار و تەنانەت هەندێ جار نامومکین کردووەتەوە. بینای پرتووکاوی زۆربەی خوێندنگەکانی کوردستان کە بوونەتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر گیانی خوێندکاران و مامۆستایان، کەمبوونی بەرچاوی مامۆستای بەتوانا و پسپۆڕ، لابردنی بەشەخۆراکی بێبەرامبەر، بەچینایەتیکردنی خوێندنگەکان، بەکاڵاکردنی پەروەردە، وازهێنانی میلیۆنەها خوێندکار لە خوێندن، گوشاری بژێوی ژیان بۆ سەر مامۆستایان و ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی کاری دووهەم و سێهەم و دوورکردنەوەی بەئەنقەستیان لە خوێندنەوە و سەدان دەلیل و بەڵگەی دیکە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. لە ئاوا دۆخێکدا کاربەدەستانی ئەمنی و ناشایستی پەروەردە و فێرکاریی کوردستان بە هۆی بێپلانی و نەبوونی گەڵاڵە و توانای پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و وەڵامدانەوەی گونجاو بە داخوازییەکانیان، بە ئامانجی داپۆشینی لاوازییەکان، لەجیاتی وەرگرتنی ڕەخنە و نیگەرانی مامۆستایانی ڕەخنەگر و چالاک، قوڵیان بۆ سەرکوتکردنی هەرچەشنە هاوارێکی دادخوازانەی مامۆستایان هەڵماڵیوە

کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکاریی کوردستان

١. لە سەرەتای ساڵی ١٤٠١دا (٢٠٢٢) داواکاری و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایانیان وەک تاوان لە قەڵەم دا و بە داخستنی دەرگای ئیدارەکانی پەروەردە و فێرکاری وایان کرد کۆبوونەوەی مامۆستایان ئاڕاستەی شەقامەکان وەربگرێت و ئەمەش دۆسیەسازی، دەستگیرکردن و لێدان و ئەشکەنجەی مامۆستایانی لە شارە جۆراوجۆرەکاندا لێ کەوتەوە

٢. لە پاییزی ١٤٠١دا زیاتر لە ٧٠٠ مامۆستای کوردستانیان ڕووبەڕووی لێبڕینی مووچە کردەوە، لەبەر ئەوەی دژ بە هاتنی هێزە چەکدارەکان بۆ ناو خوێندنگەکان مانیان گرت و دەستیان لە کار کێشایەوە

٣. لە پاییزی ١٤٠١دا بە پێکهێنانی کۆمیتەی بەدناوی فریاگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکاری، ٤٧ مامۆستای بەشەرەفی کوردستانیان لە مافی پلەبەندی بێبەش کرد



٤. لە زستانی ١٤٠١دا لە نامەیەکی گاڵتەجاڕ، نایاسایی و بێبنەمایانەدا، ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان کە ڕێکخراوەیەکی جێکەوتوو، یاسایی و خاوەن مێژووە، بە دامەزراوەیەکی نایاسایی ناوزەد کرا

٥. لە ساڵانی ١٤٠٢ و ١٤٠٣دا لە ڕێگای گۆڕینی خوێندنگە و ئیدارەکانی کوردستانەوە بۆ جۆرێک لە سەربازگە، دۆسیەسازییان بۆ زیاتر لە هەزار مامۆستا کرد و تا ئێستا دەیان مامۆستا لە کار دەر کراون و سەدان مامۆستای دیکە ڕووبەڕووی سزای وەک دابڕاندن لە کار، دوورخستنەوە، خانەنشینکردنی زۆرەملێ و... کراونەتەوە

کارنامەی ڕەش و قێزەونی کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکاری کوردستان (بەرپرسی گشتی، لیژنەی سەرپێچییەکان، بەڕێوەبەران و بەشی پاراستنی هەندێ لە ناوچە و شارەکان) گەلێ ئاشکراترە لەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر بێت. تەنانەت کاربەدەستانی باڵای پارێزگا و هەندێ لە بەرپرسانی ناوەندیش ناڕەزایەتی خۆیان لەم دۆخە ڕاگەیاندووە، بەڵام بە

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**



هۆی هەندێ هاوکێشەوە کە ئێمەیش هێشتا نازانین چین، هەم تیمی بەڕێوەبەرییەکە لەسەر جێی خۆیان ماونەتەوە و هەم دۆسیەسازی و تەڕاتێنەکانیان درێژەی پەیدا کردووە

ئێستە ئێمەی مامۆستایانی غەزەبلێگیراو و بێبەشکراو کە لە بەردەم بێدادگای لیژنەی سەرپێچییەکانی پەروەردە و فێرکاریدا بووینەتە قوربانی کەلەڕەقی، تێنەگەیشتن و سەرکوتکاری، ڕایدەگەیەنین کە تەمەنی گەنجی و ژیانی خۆمان فیدای مامۆستایەتی کردووە و ئێستە جیا لە ئاڵقەکانی زنجیری ستەم و نادادی هیچی ترمان بۆ نەماوەتەوە، هەر بۆیە هیچ شتێکمان بۆ لەدەستدان نییە، بەڵام مۆڵەتیش نادەین ئەو ستەمەی بەسەر خۆمان، بنەماڵەمان، هاوکارانمان و خوێندکارەکانماندا هاتووە، بێوەڵام بمێنێتەوە. هەر بۆیە ڕاشکاوانە بە بەرپرسانی پارێزگا و وڵات ڕادەگەیەنین ئەگەر ڕێکارێکی جیددی بۆ داخوازییە ڕەواکانمان نەدۆزرێتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا نەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا بە زووترین کات بە هەموو توانامانەوە کاردانەوەی نارەزاییانەی مەدەنی و کرداری خۆمان دەست پێ دەکەین. ئێمە سوورین لەسەر ڕاگرتنی ئەم تاوانکاری و پێشێلکارییانە تاکوو چیدی هیچ خۆشخەیاڵێک بە گاڵتەکردن بە خەڵک و یاسا دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی ئەوانیدی

١. هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایانەی لیژنەی سەرپێچییەکانی پەروەردە و فێرکاری بەسەر مامۆستایانی کوردستاندا سەپاندوویەتی، هاوکاتیش قەرەبووکردنەوەی هەموو زیان و خەسارەکانی ئەو بڕیارە نایاساییانە

٢. جێبەجێکردنی مافی پلەبەندی بۆ هەموو چالاکانی پیشەیی و نەهێشتنی ڕێگرەکان لە بەردەم پلەبەرزکردنەوە و پێگەی شایستەیاندا

٣. پێگەی مامۆستایان، خوێندکاران و خەڵکی کوردستان زۆر بەرزتر لەوەیە کە کەسانی بیرتەسک و سووک و بێنرخ بڕیاریان بۆ بدەن. بێگومان دەبێ بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست و نەهێشتنی تێڕوانینی ئەمنی، ئارامی و هێمنی بگەڕێتەوە بۆ کەرتی پەروەردە و فێرکاری کوردستان

**ژمارەیەک لە مامۆستایانی سزادراوی پارێزگای کوردستان**

❋❋❋

## حەقدەستی کرێکاران چۆن دیاری دەکرێت؟
## دیاریکردنی ئاستی حەقدەست بەرهەمی هاوسەنگیی هێزی چینایەتییە

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوی، شۆرای باڵای کاری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران هەموو ڕێکخراوە زەردە کرێکارییەکانی سەربە دەوڵەت و سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و دەوڵەتی کە لە بواری دیاریکردنی حەقدەستدا بۆچوونی کارناسانەیان هەیە بانگهشت کردووە بۆ ئەوەی لە دیاریکردنی حەقدەستی کرێکاران بۆ ساڵی داهاتوو یارمەتی ئەم ناوەندە بدەن. هەر بۆیە شۆرای باڵای کار هەتا ئێستا ڕەقەمێکی ڕانەگەیاندووە، بەڵام دەوڵەتی پزیشکیان



لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٤دا ڕێژەی زیادکردنی حەقدەستی بۆ کرێکارێکی سەڵت ٢٠% و بۆ کرێکارێکی خێزاندار بەشێوەی مامناوەند ٢٨% لەبەرچاوگرتووە. لەمبارەوە فەرامەرز تەوفیقی "سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەستی ناوەندی باڵای شۆرا ئیسلامییەکان" وەک کارناسی حەقدەست لە گفتوگۆ لەگەڵ هەواڵنێریی ئیلنادا وتی: "دەوڵەت، دەوڵەتی قسەدەرمانییە و هیچ ڕێگاچارەیەکی بۆ کێشە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک و بژێوی کرێکاران نییە". ئەم کارناسەی سەر بە ڕژیم سەبارەت بە پەرەسەندنی تەوەرۆم و گرانی لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا تەئکیدی کرد کە: "کرێکاران ناتوانن سفرەکانیان تەنانەت بە یارەڵماسیش پڕبکەنەوە!، تەوەرۆمی ڕاستەقینە کە لە گرانی کاڵا پێویستەکانی ژیانی کرێکاراندا خۆی نیشان دەدات، لە سەرووی ٥٠ یان ٦٠ لەسەدە. لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا گۆشتی سوور تەنانەت لە مانگدا یەک جاریش نایەتە سەر سفرەی کرێکاران. نرخی نان، گۆشت و بەرهەمەکانی شیر چووەتە سەرێ. هێلکە لەماوەی یەک دوو مانگی ڕابردوودا ٨٠% گرانتر بووە. ناوەندی ئامار ئەم نرخە مەیدانییانە ڕاناگەیەنێت". بەڵام ئەم کارناسەی بواری حەقدەست و سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەست باس لەوە ناکات کە بەم وتانە و سەرەنجام بە تەسلیم بوونی لە بەرامبەر خواستی قازانجپەرستانەی سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و دەوڵەتی بۆ دیاری کردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، لەڕاستیدا خۆشی وەک بەشێک لە هەمان پرۆژەی "قسەدەرمانییە"کەی دەوڵەتی پزیکشیان عەمەل دەکات

بەڵام جیا لە وتووێژی نمایشی نوێنەرانی دەوڵەت، نوێنەرانی سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و نوێنەرانی "ڕێکخراوە کرێکارییەکانی" سەربە حکوومەتی ئیسلامی سەبارەت بە دیاریکردنی حەقدەست، با بزانین بەڕاستی حەقدەست چییە و بۆچی حکوومەت و خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بەردەوام هەوڵ دەدەن کەمی بکەنەوە؟ حەقدەست پارەیەکە کە خاوەنکار ڕۆژانە، هەفتانە یان مانگانە دەیدا بە کرێکار تا کاری بۆ بکات. کرێکار ئەم پوولە دەکاتە خەرجی پۆشاک، خۆراک و کرێی ماڵ، تەندروستی و دەرمان، هەزینەی ئاو و بەرق و هاتوچۆ و سەیران و ئینتەرنێت و هیتر. واتە حەقدەست دەبێتە هەمان خەرجێک کە خاوەنکار ڕۆژانە یان مانگانە دەیدا بە کرێکار تا کرێکار لەم ماوەیەدا کاری بۆ بکات. واتە کرێکار کار دەکات، بەرهەم دێنێ و چینی سەرمایەدار هەموو حاسڵی کاری چینی کرێکار دەخاتە گیرفانیەوە و تەنیا بەشێکی کەم لە بەرهەمی کار بە شێوەی حەقدەست دەداتەوە کرێکاران. واتە حەقدەست بەشێکە لە بەرهەمی کاری کرێکاران کە دەدرێتەوە بە خۆیان، تا وەک چینێک درێژە بە ژیان بدەن، زیندوو بمێنن و بەردەوام سەروەتی چینی سەرمایەدار بەرهەم بێنن. ئەمە یەکێک لە یاسا بنەڕەتی و ئەساسییەکانی نیزامی سەرمایەدارییە. ئەم نیزامە، نیزامی کۆیلەتی مزدییە. واتە کرێکاران مەجبوورن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان، بۆ دابینکردنی نان و پۆشاک و مەسکەن، پێیان بە ماشێن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کە لە ئیختیاری سەرمایەدار دایە، زنجیر بکەن

بەڵام ئەو بەشەی کە بۆ بەقای کۆمەڵایەتی دەدرێتە کرێکاران، چەندەیە؟ و ئاستی حەقدەست چۆن دیاری دەکرێت؟ ئاستی حەقدەست بەپێی بارودۆخی ڕەقابەت و هێز و توانای ئەم دوو لایەنەیە. لێرەدا کرێکار خاوەنی کاڵایەکە کە هەمان هێزی کارەکەیەتی و ئەو کاڵایەی خۆی دەفرۆشێت. ئەوەیکە هێزی کاری کرێکار لە بەرامبەر چ حەقدەستێکدا دەکڕدرێت، بۆ دوو فاکتۆر دەگەڕێتەوە. یەکەم ئەوزاعی بازاڕ چۆنە، ئایا لە حاڵی ڕەونەق دایە یان ڕکوود، داواکاری بۆ هێزی کار زۆرە یان کەمە؟ دووهەم کە فاکتۆرێکی ئەساسیترە، ڕادەی یەکگرتوویی و توانای خۆڕاگری و خەباتی کرێکارانە. ئەوەیکە ئایا کرێکاران بەجۆرێک یەکیان گرتووە کە بتوانن بەرەنگاری سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان ببنەوە کە دەیانهەوێ کەمترین حەقدەستیان پێ بدەن یان نا؟ ئەگەر هەموو بارودۆخەکە باش بێت واتە هەم داواکاری بۆ هێزی کار زۆر بێت و هەم کرێکاران یەکگرتوو بن و توانای بەرەنگاربوونەوە و موقاوەمەتیان بێت، تازە ئەو کات کرێکاران شانسی ئەوەیان

## بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

دەبێت کە حەقدەستێک وەرگرن کە ئیمکانی ئەوەیان پێ بدات لە چوارچێوەی ئەو ژیانەی کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بۆ کرێکاران پێناسە کراوە، هێزی کارەکەیان تازە بکەنەوە و لەئاستی بنەماڵەشدا کرێکارانی داهاتوو پەروەردە بکەن. لەم حاڵەتەدا کە باشترین حاڵەتی مومکینە حەقدەستی کرێکاران بەرابەری بەهای هێزی کارەکەیانە واتە بەرابەری ئەو ئامراز و پێداویستیانەی ژیانە کە بۆ کارکردن و بەقای نەسلیان پێویستیانە. بەهای هێزی کار، وەک هەر کالایەکی تر، لەسەر بنەمای ئەو کاتە کارە دیاری دەکرێت کە بۆ بەرهەمهێنانی پێویستە. واتە زەمانی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار هەمان ئەو ماوە زەمانییەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی کرێکار زەرووریە

بەڵام ئەم دوو هۆکارە، کە دەبوو بەهۆی ئەوەیکە کرێکار حەقدەستی بەرابەر لەگەڵ بەهای هێزی کارەکەی بەدەست بێنێ، لە دنیای واقیعیدا بەردەوام لە نەوەساندایە و زۆرجار بەزیانی کرێکارانە. ئەوە زاتی سەرمایەدارییە کە لەگەڵ هەر دەورەیەکی ڕەونەق دەکەوێتە دەورەیەکی قەیران و ڕکوودەوە و لەگەڵ پەرەسەندنی بێکاری و هێتر ڕەقابەت لەنێوان کرێکاراندا زۆر دەبێت و هێزی موقاومەتی کرێکاران کەم دەبێتەوە. بەهۆی ئەم وەزعیەتە حەقدەستی کرێکار لە بەهای هێزی کارەکەی کەمتر دەبێتەوە، ئاستی حەقدەست دەڕواتە ژێر هێڵی هەژاری موتڵەق و کرێکار تەنانەت پێداویستی تەڕ و تازە ڕاگرتنی هێزی کار و ئیدارەکردنی بنەماڵەی پێنادرێت و حەقدەستەکەی بەجۆرێک دێتە خوارێ کە بە زەحمەت بەشی زیندوو مانەوەی دەکات

لەم هەرج و مەرجەی نیزامی سەرمایەداری، لەم هەرج و مەرجەی نیزامی کۆیلەتی مزدیدا کە هەموو شتێک گرێدراوە بە شەڕی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران، ئەوەیکە کرێکاران بتوانن تەنانەت بەهای هێزی کارەکەیان وەرگرن و پێداویستیەکانی ژیانێکی ئینسانی دابین بکەن، خۆی وزە و خەبات و تێکۆشانی بەرینی چینایەتیی پێویستە. لەم جەنگە چینایەتییەدا، کرێکاران بەو ئەندازەیەی کە یەکگرتوو و هەمبەستە و ڕێکخراو دێننە مەیدان، دەتوانن بەرەنگاری چینی سەرمایەدار و دەوڵەتی پشتیوانیان ببنەوە و حەقدەستی گونجاو بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بەسەر سەرمایەداراندا بسەپێنن. ئەوەیکە ئاستی حەقدەست چەندە دەبێت و ئەوەیکە ئایا کرێکاران بەڕاستی بەهای هێزی کاری خۆیان و بەرابەری دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی وەردەگرن، بەکردەوە و لە دنیای واقیعیدا زیاتر لە هەموو شتێک بە هێزی چینی کرێکار و توانای خەباتی دژبە چینی سەرمایەدارەوە گرێدراوە

ئەگەر لە ساڵی ڕابردوودا کرێکاران لە مەیدانی خەباتدا بۆ زیادکردنی حەقدەست، ڕیزبەندیی پیشە، گەڕانەوە بۆسەر کاری هاوکارانی خۆیان، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و هێتر هەوڵیان دەدا، ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییانە پێویستە یەکگرتووتر و سەرتاسەریتر درێژە بدەن. ئەگەر نامانهەوێ ژیان و هەستی کرێکاران لەناو بچێت، پێویستە خەبات بۆ بردنەسەری حەقدەست یەکگرتووتر و سەرتاسەریتر بکەین. ئەمە پێویستییەکی چینایەتییە

***

## مانگرتنی گشتی لە کوردستان دژبە حوکمەکانی ئێعدام

# لاپەڕەیەکی دیکە لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان لە ناڕەزایەتی دژبە حوکمەکانی ئێعدام دەستیان دایە مانگرتن. خەڵکی خەباتکار و ئازادەی کوردستان لەم ڕۆژەدا بە داخستنی بەشێک لە ناوەندەکانی کار و دووکانەکان، ئیدارەکان و خوێندنگاکان بێزاری و تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خۆیان لەدژی حوکمەکانی ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی نیشاندا و لاپەڕەیەکی دیکەیان بە مێژووی خەبات و خۆڕاگری دژبە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاد کرد



مانگرتنی ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان کە لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و باقیی حیزب و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە کوردستان بانگەوازی بۆ کرابوو، لە درێژەی دوو هەفتە ناڕەزایەتیی بەردەوامی ناوەند و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنیشینان، خوێندکاران، کەمپەینی دیفاع لە ئازادیی پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی و بەیاننامەی ناڕەزایەتیی هەزاران کەسایەتی و چالاکی بواره جۆراوجۆرەکان لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران، لە دەرەوەی وڵات و لە هاوپشتی لەگەڵ "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" کە زیاتر لە یەک ساڵە بە داهێنان و هیمەتی بەندکراوانی سیاسی لە دەیان زیندانی ئێران لەئارادایە، بەڕێوەچوو

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتی و مانگرتنی گشتی لە کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر لەوانە بانگکردنی چالاکانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە ناسراوەکان و بە ناردنی پەیامی هەڕەشەئامێز هەوڵی دا ناڕەزایەتی و ئیعتیرازی خەڵکی کوردستان دژبە حوکمی دژەئینسانیی پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی دامرکێنێ و ئەوان لە بەڕێوەبردنی مانگرتن پاشگەز بکات. بەڵام سەرەڕای ئەم سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی ڕژیم، خەڵکی ئازادیخواز لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان بە بانگەوازی مانگرتنی گشتی وڵامی ئەرێنییان دایەوە و بە کۆماری ئیسلامییان نیشاندا کە هەڕەشە و تۆقاندن ناتوانێ عەزم و ئیرادەیان لاواز بکات. خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بۆ جارێکی تر نیشانیاندا کە سەردەمی قەدەرقودرەتیی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هاتووە و لە بەرابەر جەنایەتەکانی ڕژیمدا بێدەنگ نابن.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە گێژاوی قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و ستراتێژییە ناوچەییەکەی بەرەورووی شکستێکی سەرشۆڕانە بووەتەوە، زیاتر لە ڕابردوو لە ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەری تۆقاوە. گەشەی خەباتی کرێکاران، خانەنشینان، ژنان، موعەلیمان، لاوان و توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا، ئەمڕۆ جەماوەری ئێرانی بەو ئاگاهییە گەیاندووە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری لە چنگ هەژاری و گرانی و بێکاری، سەرکوت و گەندەڵی و کۆنەپەرستیی ئایینی، خەباتی یەکگرتووانە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە نگریسەیە

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ئێوە لە وڵام بە بانگەوازی مانگرتنی گشتی، تووڕەیی و بێزاریتان لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، عەزمی خۆتان بۆ بەرگری لە مافی ژیانی ئینسان و ناڕەزایەتیتان دژبە حوکمی ئێعدامی پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی نیشاندا. ئێوە بەم مانگرتنە لە هەمان کاتدا نیشانتاندا کە هێرش بۆسەر ئازادیی سیاسی و هێرش بۆسەر گیانی ئینسانەکان بەهۆکاری بیروباوەڕ و بۆچوونی جیاواز و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێ هیچ جێگەیەکی لە داهاتووی کوردستاندا هەبێت. ئێمە، شۆڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران - حێکمەتیست، ئەم هەنگاوە لە خەباتتان بەرز دەنرخێنین و دەستتان بە گەرمی دەگوشین

کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە کوردستان بۆ دەورونەخش نواندنی مێژوویی خۆیان لە نەبەرد دژبە ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی لە کوردستان، بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ نەمانی هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاکاری و دیکتاتۆری، پێویستیان بە هاوپشتی و یەکگرتوویی و بەهێزکردنی ڕێکخستنی خۆیانە لە هەموو بوارەکاندا. لەم ڕێگایەدا هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و ڕێز لە تێکۆشان و چالاکیتان دەگرین. هەروەها سڵاو و دروود دەنێرین بۆ هەموو ناوەند و ڕێکخراوەکان و خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆست لە سەرتاسەری ئێران و دەرەوەی وڵات بۆ ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە مانگرتنی گشتی لە کوردستان و پشتیوانی لە هەڵمەتی دژایەتی کردنی ئێعدام و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی. بێگومان کاری ئێمە بە مانگرتن لە کوردستان کۆتایی نایە. خەباتی یەکگرتووانەی ئێمە هەتا هەڵوەشاندنەوەی ئێعدامی ئەم بەندکراوانە و هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی سزای ئێعدام و ئازادیی بێ شەرت و مەرجی هەموو بەندکراوانی سیاسی هەروا بەردەوام دەبێت

شۆڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران - حێکمەتیست

***

# هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر لێواری ڕۆژئاوا؛ ئاگربەست" لەسەر بەستێنی درێژەی تاوانەکانی شەڕ"

ئەرتەشی ئیسرائیل لە درێژەی شەپۆلی تازەی هێرشەکانی خۆی بۆسەر خەڵکی فەلەستین لە لێواری ڕۆژئاوا کە لە دوو حەوتوو لەمەوبەرەوە دەستپێکردووە، ڕۆژی یەکشەممە دووی مانگی فێوریە لە هێرشێکی بەریندا ٢٠ بینای لە کەمپی جێنین لەڕێگەی چەندین تەقینەوەی هاوکاتەوە بەتەواوی وێران کرد. لە جەریانی ئەم هێرشەدا، نەخۆشخانەی دەوڵەتی جێنینیش زیانێکی زۆری بەرکەوت و بەوتەی بەڕێوەبەری ئەم نەخۆشخانەیە، بەشێکی ئەم بینایە بەهۆی ئەم تەقینەوانە ڕووخاوە. لە ئاکامی هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەرتەشی ئیسرائیل کە لەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست




لە غەززە دەستپێکردووە هەتا ئێستا لانیکەم ٢٥ فەلەستینی گیانیان لەدەستداوە، دەیان کەس بریندار بوون و زیاتر لە ١٠٠ کەس دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کراون. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەلایەکەوە بەپێی ئاگربەست لە غەززە، لە بەرامبەر ئازادکردنی بەدیلگیراوانی ئیسرائیلدا زیندانییانی فەلەستینی ئازاد دەکات، وە لەلایەکی دیکەوە بە هێرش بۆسەر لێواری ڕۆژئاوا کۆمەڵکوژی درێژەپێدەدات و زیندانەکانی دووبارە بە خەڵکی فەلەستین پڕ دەکاتەوە. ئەرتەشی ئیسرائیل ئامانجی ئەم هێرشەیان بەواتایەکی تر ئەم جەنایەتە جەنگییەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەکدارە مەحەلییەکان و زەوتکردنی ئەنبارەکانی چەک ڕاگەیاندووە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەتا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی ئەنبارەکانی چەک و تەقەمەنی بڵاونەکراوەتەوە

تاوانەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین لە لێواری ڕۆژئاوا لە کاتێکدا درێژەی هەیە کە تەنیا دوو حەوتوو لە ئاگربەستی غەززە تێپەڕیوە. لەماوەی ئەم ١٥ مانگ کۆمەڵکوژییەی ئەرتەشی ئیسرائیل لە غەززە دەیان هەزار بۆمبی دەستکردی ئەمریکا بەسەر خەڵکی غەززەدا تەقێندراوەتەوە. زیاتر لە ٤٦ هەزار کەس کوژراون و ١٠٠ هەزار کەس بریندار بوون. ماڵ، نەخۆشخانە، خوێندنگە، ئەنباری دانەوێڵە، چاڵی ئاو و هەموو ژێرخانەکانی ئەم کەرتە وێران بووە و غەززە بووەتە شوێنێک کە چیتر بۆ ژیان نابێت.

هێرشی بەرینی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر لێواری ڕۆژئاوا و شاری جێنین نیشانی دەدات کە ئاگربەست لە غەززە تەنیا وەستانێکی کاتییە بۆ خاوکردنەوەی ماشێنی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل. هەتا کاتێک دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست لە ئیسرائیل دەسەڵاتدار بێت و لەلایەن ئەمریکا ئەوپەڕی پشتیوانی لێبکرێت، هیچ کۆتاییەک بۆ کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین تەسەور ناکرێت. ئەگەر ئەم ئاگربەستە ئامانجی کۆتایی هێنان بە جینۆساید، وەدیهێنانی مافی نەتەوەی فەلەستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و بەرقەرارکردنی ئاشتی بوایی دەبوو دەستبەجێ نەتانیاهۆ و کابینە جەنگییەکەی و بایدنی بە تاوانی شەڕ و کوشتار دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کردایە. دەبوو حوکمی دیوانی باڵای نێونەتەوەیی بۆ دەستبەسەرکردنی نەتانیاهۆ بەتاوانی جینۆساید جێبەجێ بکرێت. دەوڵەتی ئیسرائیل بە بێ یارمەتی دارایی و چەکی دەوڵەتی ئەمریکا نەیدەتوانی ئەم حەمامی خوێنە لە جەهەنەمی غەززەدا بخاتە ڕێ. دەوڵەتی بایدن هەر لە سەرەتاوە لەئاست تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوا ڕەزامەندی نیشاندا و دوای ئەوەیکە نەتانیاهۆ بە هێرش بۆسەر لوبنان قۆناغی دووهەمی شەڕی بۆ گۆڕینی نەزمی ناوچەکە ڕاگەیاند، ئەمجارە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە ئیمپریالیستییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە جێبەجێکاری بەشێک لەم ستراتیژە جەنگییە

پازدە مانگ شەڕ و کۆمەڵکوژی لە غەززە لە هەمان کاتدا کە ئەوپەڕی دووڕوویی نەزمی نێونەتەوەیی دیموکراسی لیبراڵ و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ئاشکرا کرد، بنبەست و شکستی ڕێکخراوی حەماس و باقی ڕەوتە ئیسلامییەکانی وەک مۆدێلێک لە دەسەڵات و ستراتیژی سیاسی و بنەمای تاکتیکی ئەوانی لە بەرامبەر داگیرکاری و سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی دەوڵەتی ئیسرائیلدا نیشاندا. حەماس و باقی گرووپە ئیسلامییەکان بە ستراتیژی و تاکتیک و توندڕەوییەکانیان، لەوانە بە هێرشی تیرۆریستی حەوتی ئۆکتۆبەر و جەنایاتێک کە ئەنجامیاندا، بەکردەوە خزمەتیان کرد بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی ڕەوتە ڕاست و فاشیستەکان لە ئیسرائیل و نەسلکوژی ئەوان لە غەززە. حەماس و بزووتنەوەی فەتح بەشێک لە چارەسەری مەسەلەی فەلەستین نین، بەڵکوو خۆیان بەشێکن لە کێشەکە. شکڵ گرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە فەلەستین لە گرەوی ئەوەدایە کە لەڕێگەی خەبات لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و لەپێناوی ڕەزگاری ڕاستەقینە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی فەلەستین لەژێر نفووزی ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستانە دەرکێشرێن

لەئێستادا ئەگەرچی نەتەوەی فەلەستین لە نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل، غەززە، لێواری ڕۆژئاوا، کەمپی ئاوارەکان لە ئوردون و شوێنەکانی دیکەدا لەت لەت بووە، بەڵام هیوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هیوای ڕزگاری ڕاستەقینە هێشتا زیندووە. تەنیا درێژەی بزووتنەوەی جیهانی لەدژی جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل و بۆ دیفاع لە ئازادی فەلەستین دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەبات و خۆڕاگری ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕێت و ئاسۆیەکی هیوابەخش بەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بکاتەوە

اکنون در حالی که ملت فلسطین در بین مناطق تحت اشغال اسرائیل، غزه، ساحل غربی و اردوگاههای آوارگان در اردن و ... قطعه قطعه شده است، اما امید به تشکیل دولت مستقل و امید به رهایی واقعی هنوز زنده است. فقط تداوم جنبش جهانی علیه نسل کشی اسرائیل و در دفاع از آزادی فلسطین می تواند توازن قوا را به سود مقاومت این ملت ستمدیده تغییر دهد و چشم انداز امید بخشی را در پیش روی مردم این منطقه بگشاید

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان سەبارەت بە کوژرانی نیان چەڵەبیانی، منداڵی تەمەن ٧ ساڵ لە شاری بۆکان ڕێگە نەدەین ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسی قەزاوەت دانیشێت!

کوژرانی دڵتەزێنی نیان چەڵەبیانی، تەمەن حەوت ساڵ کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی مانگی بەفرانبار لەلایەن یەکێک لە کەسوکاری خۆیەوە دەستدرێژی کرایە سەر، نارەزایەتی بەرینی لێکەوتەوە و هەستی ئینسانی زۆرێک لە خەڵکی کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانی ئازاردا. بێگومان دواکەوتوویی و وەحشیگەری بەرامبەر بە ژنان کە دەسەڵاتی سەرمایەداری نگریسی کۆماری ئیسلامی و یاسا دژەژنەکانی بووەتە هۆی پەرەسەندن و ڕەسمییەت پێدانی، زۆر کەسی لەم کۆمەڵگایەدا کردووەتە قوربانی. بەڵام بەبیانووی ئەم تاوانە خۆفناکە، کۆماری ئیسلامی کە لە قەیراندا نوقم بووە و کەوتووتە بەر نەفرەت و بێزاری ملیۆنی خەڵک، نابێ دەرفەتی ئەوەی پێ



بدرێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت

ڕۆژی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی خەڵکی ناڕازی لە بەرامبەر فەرمانداریی شاری بۆکان، بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی بۆ بێدەنگ کردن و کەڵک وەرگرتن لە تووڕەیی خەڵک بە قازانجی حکوومەت، ئیدیعای کرد کە قاتڵی نیان سەنگسار دەکرێت و فەرماندار و فەرماندەی هێزی ئینتزامیش خوازیاری بەڕێوەبردنی ئەوپەڕی سزا بۆ کەس یان کەسانێک بوون کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر

بەڵام بەڕاستی کێ هەیە نەزانێ کۆماری ئیسلامی خۆی دارێژەری قەتڵ و جەنایەت و کوشتارە. کێ هەیە نەزانێ کە کۆماری ئیسلامی و یاسای کۆنەپەرست و دژەمنداڵ و دژەژنی ئەم نیزامە خۆی ڕەگ و ڕیشەی هەموو تاوان و وەحشیگەرییەکە. ناوی نیان چەڵەبیانیش دەبێ بە لیستی بێشوماری قوربانییانی نیزامی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی زیاد بکرێت. کۆماری سێدارە و سەنگسار دەبێ لەسەر کورسی تاوانبار دانیشێت نەک لەسەر کورسی قەزاوەت.

بەکرێگیراوان و جەنایەتکارانی ڕژیمێک کە دەیان ملیۆن کەسی ئەم کۆمەڵگایە لەدژی ئێعدام و قەتڵە دەوڵەتییەکانی هاتوونەتە مەیدان، نابێ دەرفەتی ڕیاکاری و تاوانی زیاتریان پێبدرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی بۆکان!

کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئێعدام و سەنگساز کردن، خۆی تاوانباری سەرەکییە. هەزاران منداڵی تەمەن ٩ ساڵی هاوشێوەی نیان بە حوکمی یاسای قیزەونی ئەم ڕژیمە دەستدرێژییان پێکراوە. ئێعدام و سەنگسار شێوازی دڕندانەی کۆماری ئیسلامییە بۆ پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن و ئاسایی کردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا. کۆماری ئیسلامی بەخاتری هەر ئەم تاوانانەی کەوتووەتە بەر تووڕەیی و ئیعتزازی گشتی و لە مەسیری ڕووخاندایە.

بێگومان ئەم تاوانە وەحشیانەیە دەرحەق بە نیان چەڵەبیانی دەبێ بدرێتە بەر بێزاری و ناڕەزایەتی خەڵک، بەڵام کۆماری ئیسلامی کە ڕۆژی پێش ئەم جەنایەتە شایەدی ناڕەزایەتی و مانگرتنی یەکپارچەی خەڵکی کوردستان دژبە سزای ئێعدام بووە لە هەوڵی ئەوەدایە لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت و لەم فورسەتە کەڵک وەرگرێت. بۆ ئەوەی ئیعتڕازی ئێوەی خەڵکی تێکۆشەر کە ئەساسەن دەبێ لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و یاسای کۆنەپەرستانەی بێت، بەلاڕێدا بەرێت.

قەتڵی دڕندانەی نیان بێگومان دەبێ لەلایەن هەموو ویژدانێکی بەخەبەرەوە مەحکووم بکرێت بەڵام ئێعدام و سەنگساز لە دووپات بوونەوەی ئەم تاوانانە لەئاستی کۆمەڵگادا ڕێگری ناکات. ڕێگە مەدەن کۆماری ئیسلامی لەم جەنایەتە بە قازانجی خۆی و بۆ ئاساییکردنی سزای ئێعدام و دووپات کردنەوەی ئێعدام و سەنگسار کەڵک وەرگرێت. کۆماری ئیسلامی وەک بڕیاردەر و ئەنجامدەری هەموو جەنایەتەکان و پەرەپێدەری فەرهەنگی کۆنەپەرستی ئایینی و دژەژن، بکەنە ئامانجی ئیعتڕاز و ناڕەزایەتیتان

**سەنگسار و ئێعدام وڵامی ئەم جەنایەتە نییە!**

**بڕووخێ ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٣

٢٤ی ژانویەی ٢٠٢٥

❊❊❊

## ،کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ پەنجا و چوارەمین حەوتووی تێپەڕاند پێویستە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام“ پەرەپێبدەین

سزای ئێعدام بەدەر لەوەیکە لە چ شوێنێک و بەدەست چ ڕژیمێک بەکردەوە دەردێت، قەتڵی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراوە. سەرانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران ئەم جەنایەتە لەژێرناوی دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە نەتەنیا کاریگەری بەرپێگرانەی نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگە و کەمبوونەوەی ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان. سەرانی ڕژیم بۆ ئەم کوشتنە لەئانقەست و ڕێکخراوە، یاسایان داڕشتووە و قازییان بۆ داناوە و جەلادیان بۆ جێبەجێکردنی حوکم دیاری کردووە.




داڕشتنی ئەم یاسایانە و پێکهێنانی ئۆرگانی دیاریکردن و بەکردەوەدەرهێنانی حوکم بە خەرجی کۆمەڵگە، بۆ ئەوان کەم هەزینەتر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆکاری تاوان و جەنایەت. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی لەئاست ڕیشەکێش کردنی تاوان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات

بێگومان نیزامێک کە ئامرازی دیفاعەکەی جەلاد بێت، حورمەتێک بۆ مرۆڤ دانانێت و لەناوبردنی نەیارانی بە بابەتێکی ئاسایی دەزانێت و بە دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنیەتی هاووڵاتییانی لەقەڵەم دەدات. کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی ئەم وەحشیگەرییە نیشان دەدات. قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی ساڵی حەفتا و حەوت، وەبەرگوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە جەریانی ئاخێزی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨، کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناڕازییان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و شەپۆلەکانی ئێعدام لەم ساڵانەی دواییدا، تەنیا چەند نموونەن لە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ئەم ڕژیمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا

هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەو واقعییەتەیە کە ڕژیم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژیم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێبەزەیەتی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگەی چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات

کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" لە پەنجا و چوارەمین حەوتوودا، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە لە ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣دا ڕایگەیاند کە زیندانی گۆنبەدی کاووسیش بەم کەمپەینە پەیوەست بووە. لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە: "بەندکراوانی سەرتاسەری ئێران، لەگەڵ پەیوەست بوونی زیندانی گۆنبەدی کاووس بە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندان لە ٣٥ زیندانی ئێران بۆ پەنجا و چوارەمین سێشەممەی بەردەوام لەدژی سزای ئێعدام مانیان لە خواردن گرتووە. هەروەها ژمارەیەک لە بەندکراوانی سیاسی زیندانی وەکیل ئابادی مەشهەد کە پێشتریش ژمارەیەک لە بەندکراوانی بەم کەمپەینە پەیوەست ببوون، حەوتووی ڕابردوو هاتنە ناو ئەم هەڵمەتە بەکۆمەڵەوە". هەروەها لەم ڕاگەیاندنەدا تەئکیدیش کراوە کە: "هەڵمەتی نا بۆ ئێعدام لە سەرتاسەری ئێران و مانگرتن لە خواردنی سێشەممەکانی بەندکراوان، خەریکە دەبێتە چالاکییەکی گشتی و هەموو هەفتەیەک زیاتر پەرەدەستێنێت. هیواداریـن ئەم کەمپەینە، یارمەتیدەر بێت بۆ خەباتی ئازادیخوازی خەڵک و لاوانی بوێر و بێباک لەپێناو ئازادکردنی وڵاتی ئەسیرمان و لەپێناو بنبڕکردنی گەندەڵی و جیاکاریدا"

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و توانای دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان، نان، ئاو، بەرق و تەنانەت هەوای پاکی بۆ هەناسەکێشان نییە، شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. پێویستە لەم بارودۆخەدا بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین لە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" پشتیوانی بکەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەرانسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن. ناڕەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی زیندانییانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دواڕۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. کۆمۆنیستەکان ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکەن

❊❊❊

# پێکهاتنی حکوومەتی سووریە لەسەرەوەی ئیرادەی جەماوەر
# لە بەرچاو نەگرتنی دەنگ وئیرادەی کۆمەڵگایە

ئەحمەد شەرع ڕێبەری گرووپی ئیسلامی تەحریری شام ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی مانگی ڕێبەندان بۆ یەکەم جار لە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە هەشتی مانگی دێسامبر، لە پارلەمانی سووریە وەک سەرۆک کۆماری دەورەی ئینتقالی دەرکەوت. ناوبراو بە جلوبەرگی نیزامییەوە لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی کرد کە زۆربەی بەشداربووان گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان بوون و ئەم کۆبوونەوەیەی بە "کۆنگرەیەک بۆ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشی سووریە" ناوبرد. "سانا" هەواڵنێری فەرمی سووریە لەسەر زاری وتەبێژی ناوەندێک بەناوی "ئیدارەی عەمەلیاتی نیزامی"، ڕایگەیاند کە بڕیاری دیاریکردنی ئەحمەد شەرع وەک سەرۆک کۆمار و کۆمەڵێک بڕیاری گرینگی دیکە لە کۆبوونەوەی فەرماندە نیزامییەکانی گرووپە چەکدارەکانی سووریەدا دەرکراوە

چاوگێرانێک بەسەر لیستی گرووپەکانی "ئیدارەی عەمەلیاتی نیزامی" کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەدا بەشداربوون و پێشتر بڕیاری گرینگیان لەسەر داهاتووی سووریە داوە، نیشانی دەدات کە بەپێچەوانەی ئەوەیکەی ئەحمەد شەرع و باقی بەرپرسانی تازەی سووریە دەیڵێن، ئەم ناوەندە حکوومەتییە تەنیا لە ئاراستەیەکی تایبەت و لە ١٨ گرووپی چەکداری ئیسلامی پێکهاتووە. بۆ نموونە (هیأت تحریر الشام/ ردع العدوان، حرکه احرار الشام، جیش العزه، جیش النصر، انصار التوحید، فیلق الشام، جیش الاحرار، جیش الاسلام، حرکه نورالدین الزنکی، جبهه الشام) و چەندین گرووپی تیرۆریستی ئیسلامی دیکە کە پێشتر لەپێناوی بەرژەوەندیان لەدژی یەکتر چەکیان بەکار هێناوە

ئەم تاقمە کۆنەپەرستانە لەسەر سەری کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی سووریەوە دەست بە کار بوون و بڕیاری گرینگ لەسەر چارەنووس و داهاتووی سووریە دەدەن. "ئیدارەی عەمەلیاتی نیزامی" کە بۆ خەڵکی سووریەش مەعلوومە لە کوێوە هاتووە و لە ئیختیار کێ دایە، ئەحمەد شەرعی وەک سەرۆک کۆماری دەورەی ئینتقالی دیاری کردووە و دەسەڵاتێکی زۆریان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت پێداوە. بۆ نموونە ناوبراو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کەسانێک بۆ مەجلیسی کاتی دەورەی ئینتقالی بۆ داڕشتنی یاسا دیاری بکات. کۆمیتەیەک بۆ گفتوگۆی میللی دیاری بکات کە گۆیا تێیدا نوێنەرانی هەموو گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی گشتگیر حزووریان دەبێت. هەروەها سووریە لە کۆبوونەوە ناوچەیی و جیهانییەکان نوێنەرایەتی بکات و هیتر

بڕیارێکی دیکەی "ئیدارەی عەمەلیاتی نیزامی" بەوەها پێکهاتەیەکەوە بریتییە لە: دیاریکردنی قۆناغێکی سێ ساڵە بۆ داڕشتنی دەستوور و یاسای بنەڕەتی تازە و قۆناغێکی چوار ساڵە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرتاسەری. بەمجۆرە، تەمەنی حکوومەتی کاتی کە دەیانگوت هەتا مانگی مارسە، بۆ چوار ساڵ درێژکرایەوە. بێجگەلە ئەم ناوەندە بڕیاری دیکەش دەرکراون کە بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانی سووریە، هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی سووریە و هەموو دەزگا ئەمنیەتی و میلیشیاکان، ڕاگرتنی یاسای بنەڕەتی ئێستا، هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعس و هەموو حیزبەکانی ئەندامی بەرەی میللی و ناوەندە سیاسی و مەدەنییەکان و دیاریکردنی هەشتی دێسامبر وەک ڕۆژی میللی سووریە

ئیدیعای پێکهێنانی حکوومەتی گشتگیر لەلایەن ئەحمەد شەرعەوە لە کاتێکدایە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەی فەرماندە نیزامییەکاندا، نوێنەرانی هێزەکانی سووریەی دیموکرات "هەسەدە" کە گەورەترین و بەهێزترین هێزی نیزامی لە سووریەن و یەک لەسەر سێی ناوچەکانی سووریەیان لە کۆنترۆڵدایە بانگهێشت نەکرابوون. تەنانەت ئەحمەد شەرع



لە وتەکانیدا لەسەر یەکپارچەیی خاکی سووریە پێداگری کرد و ناڕاستەوخۆ ئەوانی بە جوداییخواز پێناسە کرد. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەحمەد شەرع و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەتی نوێ بەردەوام ڕایدەگەیەنن کە حکوومەتی داهاتووی سووریە نوێنەرانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزییەکانی سووریە لەخۆدەگرێت. ئەحمەد شەرع بەم پاساوەی کە سووریە لەئێستادا لە بارودۆخێکی هەستیاردایە و هەڵبژاردنی بەرپرسانی دەوڵەتی ئینتقالی دەبێ لە یەک ئاراستە بن، ڕایگەیاندووە کە دژی بەشخوازی و "موحاسەسە" و بەشپێدانە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەگوێرەی ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئەحمەد شەرع و وەزیری بەرگرییەکەی مەجبوور بوون ڕۆژانە لەگەڵ ڕێبەرانی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە لەسەر دابەشکردنی پۆستە سەرەکییەکان و بەرپرسایەتییەکانی دیکەی دەوڵەتی کاتی، دانیشتن و کۆبوونەوەیان هەبێت. ناوبراو هەموو وەزیرانی سەرەکی دەوڵەتە بەناو کاتییەکەی لەناو ئەندامانی تەحریری شامدا هەڵبژاردووە. لە محەممەد بەشیر سەرۆک وەزیرانەوە بگرە هەتا ئەسعەد شەیبانی وەزیری دەرەوە و مەرهەب ئەبوقەسرە وەزیری بەرگری و ئەوانی تر. بەڵام ئەحمەد شەرع بۆ ئەوەی قەبووڵ بکرێت و دەسەڵاتەکەی سەقامگیر بکات بەردەوام ئەوە دەڵێت کە دەسەڵاتی داهاتووی سووریە دەبێ لە هەموو لایەن و توێژە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزییەکان پێکبێت.

ئەحمەد شەرع کە لەئاست پەرەسەندنی ناڕەزایەتی گشتی و ناسەقامگیری بەهۆی بۆشایی دەسەڵات نیگەرانە، لەگەڵ گەلێک کێشە و ئاستەنگ لە ناوەوە و دەرەوەی سووریە بەرەوڕووە. دەوڵەتانی ناوچەکە لە کۆماری ئیسلامییەوە کە لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ سووریە لەپێناوی خراپکاری و ساغکردنەوەی ڕێکخراوە تێکشکاوەکەیدایە تا تورکیە کە وەک براوەی ئاڵوگۆڕەکانی سووریە لە هەوڵی نفووزی زیاتر و کەڵک وەرگرتن لەم بارودۆخەدایە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی فراوانخوازی و شۆڤێنیستی، وە هەروەها سەرانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئورووپایی و ڕووسیە کە بۆ دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەرع لەپێناوی پێشخستنی ئاماجەکانیان بەڕێز بوون.

بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی تەحریری شام ناتوانێ وڵامدەرەوەی داخوازییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە بێت کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد و لە بارودۆخی هەژاری و برسیەتی و شەڕ و وێرانیدا بەسەریان بردووە. ئەوان نایانهەوێ بۆ جارێکی تر لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامیدا بن. گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا چ وەک حکوومەت و چ لە شکڵی ئۆپۆزیسیۆندا سرووشتی دژەخەڵکی دەسەڵاتی ئیسلامییان نیشانداوە. ماهییەت و سرووشتی ئەوان بەتایبەت بۆ خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون و ئاشکرایە. لەم ڕووەوە، حکوومەتی ئیسلامی شام کە هەر لە ئێستاوە بەرەوڕووی موقاوەمەت و ناڕەزایەتی زۆر لە سووریە بووەتەوە، ناتوانێ پێداویستییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە ٩٠٪یان لەژێر هێڵی هەژاریدان، بێنێتە دی

لە وەها بارودۆخێکدا ئەگەر کرێکاران و هێزی چەپ و کۆمۆنیست و پێشڕەو، ڕووناکبیران و لاوانی شۆڕشگێڕ بەخێرایی دەست نەکەن بە ڕێکخستن و سازماندان، وە هاوشێوەی هێزێکی کۆمەڵایەتی نەچنە مەیدان، ڕەوتە بورژوا ئیسلامییەکان و و غەیرە ئیسلامییەکان لەسەرەوەی ئەوان بە سات و سەودا لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە پیلانەکانیان بەکردەوە دەردێنن، دەیانخەنە پەراوێزەوە و دەسەڵاتی خۆیان سەقامگیر دەکەن

ئەزموونی زەوتکردنی دەسەڵات لەسەرەوی ئیرادەی خەڵک لە سووریە بۆ چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران هەڵگری ئەو دەرس و ئەزموونەیە ، کە ئەگەر ڕیزەکانیان ڕێک نەخەن، ڕێبەریی سەرتاسەرییان پێکنەهێنن و ئاسۆیەکی ڕوونیان لە قۆناغەکانی پێشڕەویی خۆیان و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و نیزامی داهاتوو نەبێت، ناتوانن دەرفەت بخوڵقێنن، ناتوانن لەو دەرفەتانەی کە پێشهاتوون کەڵک وەرگرن و ناتوانن لە مەترسی دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لەسەر سەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران ڕێگری بکەن.

***

## شێعر

### به یادی گیان بەخت کردوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا

درەنگ گەشتم
نێرگزەکانی چاوتیان پێشێل کردبوو
درەنگ گەشتم
هەزار گوڵاڵەی گەش و ڕوون
لە سەر سینگتا گوڵی کردبوو
درەنگ گەشتم
لەشی ساردی شەڵاڵ خوێنت
بۆنی بەهاری ڕزگاری و
بۆنی دواڕۆژی گرتبوو.
درەنگ گەشتم درەنگ
درەنگ
لەو هەموو بەهارە سەوزەی لە دەستا بوو
لەو پاییزە ڕەنگاوڕەنگەی
لە بەژن و باڵا و سەرتا بوو
لە تیشکی زەردی هەتاوی هاوینان و
بەفری سپی ئێسکەکانێ
تەنها یەک وەرز
تەنها
یەک ڕەنگ بەجێما بوو.
وەرزی شۆڕش
ڕەنگی هەرمان
ئاڵای سووری زەحمەتکێشان
دێر بوو دێر بوو
زۆر درەنگ بوو ماچت بکەم
سرتەیەک بە گوێتا خوێنم
سوجدە ببەم لە بەردەمت
پەلکە گیا کەم بە پەرچەمت
دێر بوو دێر بوو
زۆر درەنگ بوو گەشتمە سەرت
لە کازیوەی لاویەتیدا
خۆری تەمەنت ئاوا بوو.
دێر بوو دێر دێر
یا درەنگ بێ
مژدەت دەمێ ئازیزەکەم مژدەت دەمێ
ئەم دێوەزمە کۆتایی دێ
ئەو کۆشکەی وانیش گر دەگرێ
ئەو ئەژدیها حەوت سەرەی لاوەکانی کوشت
ئەویش ئەمرێ
هەر لە سەر ئەو شەقامانەی ئێوەیان کوشت
خوێنی ئەڕژێ.
مژدەت دەمێ ئازیزەکەم مژدەت دەمێ
گەر عەداڵەتەکەی ئەوان
ناوی خوا بێ و
مافخوازی خەڵکیش شەیتان بێ
خودا دەمرێ و
ئەمجار شەیتان سەرئەکەوێ.
دە پێم بڵێ ئازیزەکەم دە پێم بڵێ
چی ماوە نەیانکردبێ
کێ ماوە نەیانکوشتبێ
کوێ ماوە وێران نەکرابێ
کام شار کام دێ
دە پێم بڵێ
ئەو مەکینە
وا بە جارێ
خەندە و جوانی و نوت و مانگ و خۆشەویستیمان
ئەهاڕێ
لەمە زیاتر چی لە دەست دێ
چی لە دەست دێ
دە پێم بڵێ.
تۆ دیوتە مرۆڤێک نەمرێ
هەتا هەتا بژی و نەمرێ
کە ئێمە گیانێک قەرزا بین
ئەو مەکینە لەمە زیاتر چی لە دەست دێ
چی لە دەست دێ
مژدەت دەمێ ئازیزەکەم مژدەت دەمێ
ئەو مەکینەش ڕائەوەستێ
گەر لە پۆڵا و ئاسنیش بێ
ئەبێ بشکێ
مژدەدت دەمێ ئازیزەکەم مژدەدت دەمێ
مانگرتنێک بەرپا ئەبێ
ڕاپەڕینێکی چەکداری دێتە سەرێ
کە ئەم جارە
چینی چەوساوەی جەنگاوەر
ڕێبەری بێ

**شعلە شکیب**





**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی



پێشــــــڕەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)



نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧